IRAQI Academic Scientific Journals
العراقية المجلات الأكاديمية العلمية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)

Journal of Language Studies

Contents available at: http://www.iasj.net/iasj/journal/356/about

# Stages of reinvigoration in Kurdish and Persian poetry

**Osman Abdool Maruf** *

**University of Sulaimani**

**Osman.maruf@univsul.edu.iq**

**&**

**Muhamad Amien Muhamad**

**University of Sulaimani**

**Muhamad.noori@uvivsul.edu.iq**

**Received:** 14/ 1 /2023 , **Accepted:** 14 / 3 /2023, **Online Published: 1 / 4 / 2023**

©2023 College of Education for Women, Tikrit University. This is an open Access Article under The Cc by LICENSE http://creativecommons.org/licenses/by/4.0/

## Abstract

Every national literature has its own distinctions and characteristics that distinguish it from other literatures, despite the convergence of some literature from each other by virtue of several factors, including political, geographical, military and historical.

However, they retain their national specificity, and here we must point out an important point, which is the influence of each other by virtue of the factors we mentioned above, but

* **Corresponding Author**: Osman Abdool Maruf , **Email:** Osman.maruf@univsul.edu.iq

**Affiliation**: Sulaimani University - Iraq

this does not mean that they walk in a balanced line in the stages of their development and renewal, and this applies to Kurdish and Persian literature, but both have their national characteristics that distinguish them from the other.
Kurdish literature has gone through different stages of stagnation, rise, development, and so literature.
Persian has its own provisions and circumstances.
Both writers felt the need for renewal, development and advancement at a sensitive stage of the history of their nation, and so Kurdish and Persian writers felt the need to do hard work for renewal and modernization.

**Key words:** history – poetry – nation - time – place

## مراحل التجديد في الشعر الكردى والفارسى

**ا.م.د. عثمان عبدول معروف**
**جامعة السليمانية**
**و**
**ا.م.د. محمد امين محمد نوري**
**جامعة السليمانية**

**المستخلص**

ان لكل ادب قومي مميزاته و خصائصه التي تميزه عن سواه من الاداب ، على الرغم من تقارب بعض الاداب عن بعضها بحكم عوامل عدة منها السياسية و الاجتماعية والتاريخية ، لكنه يحتفظ بخصوصياته الادبية و القومية ، و من هنا لابد ان نشير الى نقطة مهمة وهى تأثير بعض الآداب على الاخر بحكم العوامل التي ذكرناها ، ولكن هذا لا يعني مروره بخط متوازن مع التطورات التاريخية ، وهذا ينطبق على الادبين الكوردى والفارسى، ولكن لكليهما خصائصهما القومية تميزها عن الاخر. ان الادب الكوردي مر بمراحل مختلفة من الركود، والنهوض، والتطور، وكذلك الادب الفارسى ولكن لهما احكامهما وظروفهما التاريخية ان كلا الادبين شعرا بضرورة التجديد والتطور والنهوض فى مرحلة حساسة من تاريخ امتهما ، وهكذا احس الادباء الكورد والفرس بضرورة القيام بعمل دؤب من اجل التجديد والتحديث. وبالفعل نجحوا فى مسعاهم حسب ظروفهم الذاتية و الموضوعية، وهذا يتجلى بوضوح فى بحثنا هذا .

**الكلمات الدالة : التاريخ ، الشعر ، الوقت ، المكان .**

# ڕەوتەکانی نوێبوونەوە لەشیعری کوردی – فارسیدا

**پ.ی.د. عثمان عبدول معروف بەرزنجی**

**زانکۆی سلێمانی- کۆلێجی زمان - بەشی کوردی**

**و**

**پ.ی.د. محەمەد ئەمین محەمەد نوری ئەمین**

**زانکۆی سلێمانی - کۆلێجی زمان - بەشی کوردی**

پوختەی توێژینەوە

پوختەی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی ( ڕەوتەکانی نوێبوونەوە لەشیعری کوردی- فارسیدا ) یە، بابەتێکە لە دوو زاراوەی ئەدەبی جیاواز دەکۆڵێتەوە لەقۆناغەکانی نوێبوونەوەیاندا بەمەبەستی نیشاندانی هاوکێشەیەکی زەمەنی پەرەسەندن و نوێبوونەوە لەدووبونیاتی ئەدەبیی زمان جیاوازی نزیک لەیەک ، لەقۆناغە هەستیارەکانی ڕەوتینوێبوونەوەیانداو کێشانی هێڵێک لەجیاوازیەکان و لێک چووەکان،بەتایبەتی لەڕەووتی گۆڕانکارییەسیاسی و ئابووری وڕۆشنبیریەکاندا کە تا ڕادەیەک کاریگەری ئەدەبی لەنێوانیاندا سیمایەکی دیارو وئاشکرای نێوانیان بووە لەزۆر قۆناغی جیاوازدا.

بۆ ئەو مەبەستەش سیما گشتییەکانی هەردوو ڕەوتی نوێبوونەوە بەجیاکاری دەخەینە ڕوو.

کلیلە وشە

مێژوو ، شیعر ، نەتەوە ، کات ، شوێن

## پێشەکی:

هەموو نەتەوەیەک هەڵگری سیمای جیاکاری تایبەت بەخۆی لەهەگبەی بوونیدا کە پێوەرە ئەدەبییەکانی دەستنیشان دەکات و هەڵیدەسەنگێنێ، کەلەساتە وەختە مێژووییەکانیدا ،لەپەرەسەندن و نشێوییەکانیدا دەبنە هاوکێشە و هێڵی جیاکاری لەنێوانئەدەبە نەتەوەیەکاندا، بەجیاوازی زەمینەی پەرەسەندنە ساسی و ئابووری وڕۆشنبیرییەکان،هەرئەمەشەخاڵی جیاکارینێوان تایبەتمەندییە نەتەوەیی وئەدەبییەکان.

گرفتی توێژینەوەکە: لەتوێژینەوەکەماندا جگە لەکەمی سەرچاوەی فارسی بەردەست کێشەیەکی ئەوتۆمان بۆدروست نەبوو کەڕێگرو لەمپەری بەردەم لێکۆڵینەوەکەمان بێت.

سنوری توێژینەوەکە:

سنووری توێژینەوەکەمان مێژوو پانتایی دووئەدەبی جیاوازە،کە پەرەسەندنەکانیان بەدەرنەبوون لەکاریگەربوون و کارتێکردن لەمیانەی چەند هۆکارێکی جیاوازەوە.

میتۆدی باسەکە:

لە نووسینەوەی بابەتەکەدا ڕێبازی ( وەسفی – شیکاری – بەراوردکاری ) بەکارهاتووە.

ڕیزبەندیی توێژینەوەکە:

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و کورتەی باس و ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان بەم شێوەیە دابەش کراوە:

بەشی یەکەم: نێبوونەوە لە شیعری کوریدا:

پاری یەکەم: نوێخوازی – یان – نوێبوونەوە :

پاری دووەم: نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا :

تەوەری یەکەم: ڕەوتی نوێکردنەوە لای کورد :

تەوەری دووەم: کاریگەری ئەدەبیاتی بێگانە:

بەشی دووەم: ڕەوتەکانی نوێبوونەوەی شیعری فارسی:

بەشی یەکەم:- نوێبوونەوە لەشیعری کوردیدا :

پاری یەکەم:- نوێخوازی – یان – نوێبوونەوە :

هەر تەوژمێکی ئەدەبی زیندوو، کەسەرهەڵبدات و لەبەردەوامی و هەڵکشاندا بێت و لەئەدەبیات و کلتوری کۆن وەربگرێت و بەپێی سەردەمەکەی بیگونجێنێت، واتە هاوچەرخی سەردەمەکەی بێت، دیارە ئەوە نوێبوونەوەی پێدەوترێت، یان دەچێتە قاڵبی نوێبوونەوە لەئەدەبیاتدا.

نوێخوازی، وەك پرۆژەیەکی ڕۆژئاوایی سەریهەڵدا تابتوانێت ریتمێك بۆ ژیان پێکبهێنێت و ببێتە فۆرمێکی زانستی ژیان و کایەکانی بەرەو گۆڕانکاری زانستی و عیلمانیەت ببات و خۆشگوزەرانی بۆ خەڵك بهێنێتەدی، ئەم بوارەش بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە،هەر وەك نووسەرێکی رووناکبیر و شارەزای وەك –نایف عجلونی- سێ قۆناغی دەستنیشان کردووە و دەڵێت: ((قۆناغی یەکەم، لەسەرەتای سەدەی شانزەوە تاکۆتایی سەدەی هەژدەی خایاندووە و قۆناغی دووەم لەکۆتایی سەدەی هەژدەوە لەگەڵ شۆڕشی فەرەنسیدا سەریهەڵداوە، قۆناغی سێیەمیش لەسەدەی بیستەوە دەستپێدەکات و دواتر بەفراوانی زۆربەی جیهانی گرتۆتەوە و بواری ڕۆشنبیری جیهانی گەشەی سەندووە و سەرکەوتنی گەورەی لەبواری هونەر و بیردا بەدەستهێناوە.)) عجلونی، بلا، 13.

گومانی تێدا نییە، کە گەلانی ئەوروپی سەرچاوەی هۆش و بیروبۆچوونە زانستی و فەلسەفی و ڕۆشنگەرییەکان بوون، هەر لەسەردەمی سوقرات و ئەفلاتوون و ئەرستووە، واتە لەپێش زایینەوە، تادەگاتە سەردەمە نوێیەکان و بەردەوام بابەتی زانستی و هۆشمەندی لای ئەوانەوە ڕۆشنایی بڵاوبۆتەوە، چونکە (( سەرەتای نوێکردنەوە، کە لەرۆژئاوای ئەورووپاوە بەشۆڕشی پیشەسازی دەستپێکرد، هەر لەم ناوچەیەوە بزووتنەوەیەکی چاکسازی ئایینی سەریهەڵدا، ئەم بزووتنەوەیە لەسەر بنەمایەکی دیینی بوو بەمەبەستی ئەوەی، کە هەموو جیهان بگرێتەوە و هەوڵی ئەوە دراوە، کەئایین لەدەوڵەت جیابکاتەوە، هەروەها ئاینیش لەبازاریا ئابووری جیابکرێتەوە.)) سەرچاوەی پێشوو.

باشترین ڕێگاش، لەو سەردەمانەدا بۆ بەئاگاهێنانەوەی کۆمەڵگا لەو بوارانەدا، ئەدەب بووە، چونکە ئەدەب ڕەنگدانەوەی واقعی کۆمەڵگایە و بەری ڕەنج و ماندووبوونی ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی قەڵەم و بیرە و بۆ ئەوەی نەوەیەکی بەئاگاو خاوەن هەڵوێست بهێنێتە بەرهەم، کە ئاوڕ لەماف و داخوازییەکانی چینە زەحمەتکێش و زوڵم لێکراوە کە بەتایبەتی و خواستی هەموو نەتەوەکە بەگشتی بداتەوە و هەڵوێست وەربگرێت و بۆ ئازادی و سەرفرازی گشتی هەوڵبدرێت.

دیارە ئەو جۆرە ئەدەبەی هەڵگری ئەو پەیامە پیرۆزەیە، ئەویش ئەدەبی نوێخواز و شۆڕشگێرییە، کە دەبێت لەکۆت و بەندی ئەدەبیاتی کلاسیکی رزگاری ببێت و وەك ئەدەبێکی یاخی لەسەروبەندی لاسایکردنەوە دەربچێت و رەنگدانەوەی خواست و داخوازییەکانی نەتەوەبێت، لەهەمانکاتدا رزگارکردنی زمانە ئەدەبییەکە لەوشەی سواو و بێگانە و زۆربەکارهاتوو، واتە هەنگاونانیشە بۆ لەدایکبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو، کەلەگەڵ رێڕەوی تازەگەریی و ئیستاتیکی و هونەری سەردەمدا بگونجێت و ئاوێنەی هەموو ئاواتەکانی نەتەوە بێت.

ئەمە ئەوە ناگەیەنێ، کە کۆن رەتبکرێتەوە، بەڵکو لەگەڵ واقع و سەردەمدا بگونجێت و گەشەی پێبدرێت، کەئەمەش تەنها بەقسە و راکێشانی سۆزی مرۆڤەکان نەبێت، بەڵکو لەناخەوە و بوێرانە و راستگۆیانە کاری بۆ بکرێت و ببێتە بنەمای راستەقینەی مرۆڤایەتی و مرۆڤدۆستی.

هەر بۆیە باشتروایە، کەشاعیران و نووسەران بەوپەڕی بروابێکردنو هەڵوێستەوە بێنە مەیدان و پشت بەهۆشیاری و نوێکردنەوە ببەستن، زرنگانە رەفتار لەگەڵواقعەکەدا بکەن.

گومانی تێدا نییە، هەر گۆڕانکارییەك لەناو کۆمەڵگادا چ لەبواری رامیارییدا بێت، یان کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایدۆلۆژی و فەلسەفی و ... هتد دابێت، دیارە ئەو گۆڕانکاریانە دەبنە بنەما بۆ گۆڕانکاری لەبوارەکانی تردا، کە ئەدەبیش یەکێکە لەو بوارانە و بەپێی پێداویستی سەردەمەکە دێتەکایەوە، چونکە وەك وتراوە- ئەدەب ئاوێنەی سەردەمەکەیەتی.

ئەو گۆڕانکاری و نوێبوونەوانەی لە ئەدەبیاتی گەلانی رۆژهەڵاتدا ڕوویداوە، لەخۆوە نەبووە، بەڵکو بەکاریگەری ئەدەبیاتی رۆژئاواوە سەریهەڵداوە، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی فەرەنسی، چونکە گۆڕانی باری کۆمەڵایەتی وایکردووە، کەببێتە هۆی سەرهەڵدان و پەیدابوونی چینی بۆرژوازی و خەباتیان دژی رژێمی دەرەبەگایەتی، کە ئەویش بووە هۆی گۆڕانکاری لەبوارەکانی رامیاری و ئابووری و فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و ...هتد، دیارە هەر گۆڕانکارییەك لەو بوارانەدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لەبواری رۆشنگەرییدا، کەئەدەبیش بەشێکی گرنگی ئەو بوارەیە، ئەوەش وایکردووە جۆرە ئەدەبێکی گونجاو بەو سەردەمە بێتە ئاراوە، کە ئەویش ئەدەبیاتی رۆمانتیکی بوو، کە دواتر لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کاریگەری کردە سەر ئەدەبیاتی گەلانی ژێر دەسەڵاتی عوسمانییەکان، کەئەویش لەرێگەی گەلی سەردەستە، کەتورکەکان بوو.

دیارە کۆمەڵێ هۆکار بوونەتە سەرهەڵدانی ئەو رەوتە ئەدەبییە نوێیە، گرنگترینیان سەرهەڵدانی چینی بۆرژوازی بوو لە کۆمەڵگای ئیمپراتۆرییەتی عوسمانیدا، ئەمە لەلایەك، لەلایەکی ترەوە، بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانی هۆکارێکی بنەڕەتی و سەرەکی بوو بۆ گۆڕانکاری لەبوارەکانی ژیانی کۆمەڵگادا؛ هۆکارێکی گرنگی تر، هەرەسهێنانی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانی و دروستبوونی دەوڵەتی تورکیای نوێ، کەبەرەو عیلمانیە ملی نابوو، بەتەواوەتی دەرگای گۆڕانکاری و نوێبوونەوە و بیر و رۆشنگەریی ئەورووپی بەرووی گەلانی رۆژهەڵاتدا کرایەوە و بووە هۆکاری بەئاگاهێنانەوەی گەلانی بن دەست.

سەرەتا شاعیران و ئەدیبانی تورك دەستیان کرد بەتازەگەریی لەئەدەبیاتی تورکیدا، بەتایبەتیش بەدەسپێشخەری – عەبدولحەق حامد – کەدوای گەڕانەوە لەفەرەنسا و کاریگەری ئەدەبیاتی فەرەنسی لەسەری، هەوڵیداوە نوێبوونەوە لە ئەدەبیاتی تورکیدا بەرجەستە بکات.

دوای ئەویش کۆمەڵێك لە شاعیرە نوێخوازەکانی تورك، مەبەستیان بوو واز لەبنەماکانی شیعری کلاسیکی رۆژهەڵاتی یان عەرەبی بهێنن و بگەڕێنەوە بۆ بنەماکانی شیعر و ئەدەبیاتی تورکی و بەکارهێنانی کێشی هیجای تورکی – هجەوەزنی - ، ئەو کۆمەڵەیەش پێیان دەوترا –<u>ثروەفنون</u>. -

دواتریش کۆمەڵێکی تر بەناوی –ئودەبای فەجرەی ئاتی – یەوە هاتنە مەیدانەوە - لەوانە تۆفیق فیکرەت و نامیق کەمال و ... هتد ، زۆر جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە، کەدەبێت ئەدەبیاتی تورکی بەتەواوی تازەگەری تێدا بکرێت و بنەماکانی ئەدەبیاتی تورکیان چەسپاند و ئەدەبیاتی رۆمانێکی تورکیان بەتەواوی هێنایە مەیدانەوە.

بەڵام ناکرێ رۆڵی شاعیری نوێخواز و مرۆڤدۆستی تورك –نازم حیكمەت- لەبەرچاو نەگیرێت، کە هەر لەتەمەنی لاوێتیەوە کاریگەربوو بەئەدەبیاتی شۆڕشی ئۆکتۆبەر و بووە سیمبولی نوێخوازی و شیعری هاوچەرخی تورکی و کاریگەرییەکەشی پەلی هاویشت بۆ سەر شاعیران و ئەدبیانی دراوسێ و ڕۆژهەڵات بەگشتی .

دەتوانین بڵێین، ئەو گۆڕانکاری و نوێکردنەوانەی بەسەر ئەدەبدا هات، بەتایبەتی لەدوای ئەدەبی کلاسیکیەوە یان رونتر بڵێین شیعری کلاکسیکییەوە، دەستبەردار بوونی هەندێ یان هەموو ئەو داب و نەریت و دەستورانە بوو، کە بۆ شیعر و بەشەکانی تری ئەدەب دانرابوو، کەواتە گۆڕانی دیاردەکان، یان گۆڕانی سیما و تایبەتمەندییەکانی شیعر و ئەدەب بوو .

واتە وادەخوازرا ئەدەبەکە سەردەمیانە بێت، لەبەر ئەوەی نوێخوازی تایبەت نییەبەسەردەمێکی دیایکراوەوە، بەڵکو پەیوەستە بەهەڵسوکەوت و بیروبۆچوون و بەئاگایی و یاسای شێوەی ژیانی مرۆڤایەتییە، چونکە هەتا ژیان بەرەو پێش بڕوات، دەبێت ئەدەبیش پێشبکەوێت و رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵگا کەبێت و لەگەڵ رەوتی ژیانی کۆمەڵدا بگونجێت و تاموچێژی سەردەمەکەی تیادا رەنگبداتەوە، هەر ئەوەشە وادەکات، کەرێباز یاقوتابخانە ئەدەبییەکان لەسستی و وەستاندا نەمێنێتەوە و رێبازی ئەدەبیی نوێتر بێتەکایەوە، هەر نەتەوەیەکیش بەپێی داب و نەریت و ئاستی هۆشیاری خۆی بەرجەستەی بکات.

پاری دووەم:- نوێکردنەوە لەشیعری کوردیدا

تەوەری یەکەم:- رەوتی نوێکردنەوە لای کورد:

یەکێك لەسەرچاوە گرنگەکانی نوێکردنەوەی شیعری کوردی گەڕانەوە بوو بۆ – کلتوور و فۆلکلۆرە دەوڵەمەندەکەی نەتەوەی کورد ، بەتایبەتیش لەرووی روخسارەوە دەنگ و ڕەنگێکی کوردانەی تەواوی هەیە و لەسەر کێشی دەبڕگەیی، شیعری فۆلکلۆر و شیعری میللی پێرازێنراوەتەوە، هەروەها شیعری دیالێکتی گۆڕان، بەتایبەتیش شێوەزاری هەورامی پێ وتراوە.

ئەمە جگە لەوەی هەندێ لەشارەزایانی بواری ئەدەبیاتی کوردی، بنەمای ئەم کێشە دەگێڕنەوە بۆ سەردەمانێکی دوورتر، هەر وەك دکتۆر ئەمین موتابچی، دەڵێت: ((ئەم کێشە کارێکی رەسەنی کۆنە لەگەڵ جەوهەرەکانی شیعر بەواتای میللی دەگونجێ، لەوانەیە سەرچاوەی گاتاکانی زەردەشت بێت، کە لەسەر نموونەیەکی سادەی بڕگەیی بنیات نراوە.)) موتابچی، 1973، 16، وحیدی، 1373هـ ،149.

هەر لەبارەی بەکارهێنانی ئەو جۆرە کێشەوە لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا، د.ئەبوبەکر خۆشناو، دەڵێت: ((شیعرەکانی – ماریفەت – ی پیرشالیاری زەردەشتی و – سەر ئەنجام – ی ئەهلی حەق، لەو تەرزە شیعرانەن. بەشێکی تری، شیعری دڵداری و خۆشەویستیان پێ هۆنراوەتەوە و چامە بەرزەکەی – شیرین و خوسرەو –ی خانای قوبادی، باشترین نموونەی ئەو شیعرانەن، بەشی سێیەمی، شیعری لیریکی گەلێ شاعیری بەناوبانگی وەك: مەلا پەرێشان و مەلا موستەفای بێسارانی و ئەحمد بەگی کۆماسی و صەیدی هەورامی پێ نووسراوە، هەتا زمانی شیعرەکانی مەولانا خالدی نەقشبەندیش بووە، کەخۆی بەدیالێکتی خواروو دواوە.)) خۆشناو، 2008، 55 .

نابێ ئەوە بەهەند وەرنەگرین، کەهەر لەسەردەمی ئەدەبیاتی کلاسیکی کوردییەوە، شاعیران و ئەدیبان و رووناکبیرانی کورد، بەپێی توانایان لەمێژووی نەتەوەکەیان و مێژووی ئەدەبیاتی جیهانی و رۆژهەڵاتی بەتایبەتی،

دانەبڕاون و توانیویانە هەموو هەلێکی ڕەخساو بقۆزنەوە و کاروانی ئەدەبیاتی کوردی بەرەو پێشکەوتن و هەڵچوون ببەن و درێخیان لەخزمەت و وەفاداری نەکردووە.

خۆ ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی ئەدەبیاتی کوردی بدەینەوە، هەر لەسەردەمی مەلای جزیری و ئەحمەدی خانییەوە، تا دەگاتە نالی و کوردی و سالم و... هتد، هەر هەموویان لەچەند سەدەیەك بەر لەئێستاوە، خامەڕەنگینی و بەپێزەکەیان بۆ خزمەتی زمان و ئەدەبیاتی کوردی، هەمیشە لەگەڕدابووە و هەوڵیانداوە ئەدەبیاتی نەتەوەکەیان لەکاریگەری زمانەکانی عەرەبی و تورکی و فارسی رزگار بکەن، کە هەر یەك لەو دەسەڵاتانە هەمیشە ویستویانە، کورد زمان و کلتووری خۆی لەبیربکات و وەك نەتەوەیەکی سەربەخۆ ئامانجی نەیەتە دی، هەر بۆیە - مەلای جزیری – دەڵێت:

((گەر لوئلوئی مەنسور ژ نەزمی تە دخوازی

وەر شیعری مولێ بین تەب شیراز چ حاجەت )) رسول، 2012، 22.

نابێ ئەوە لەیاد بکەین، کە بەدرێژایی چەند سەدەیەك سەرچاوەی سەرەکی شاعیرانی کلاسیکی کورد، لاسایکردنەوە و چاولێکردنی ئەدەبیاتی کلاسیکی فارسی بووە.

هەر لەبارەی پیرۆزی زمانی کوردییەوە و دژ بەوانەی کە زمانی کوردییان بەسووك زانیوە، - نالی– دەڵێت:

((کەس بە ئەلفاظم نەڵێ خۆ کوردییە خۆ کردییە

هەر کەسێ نادان نەبێ خۆی طالیبی مەعنا دەکا ...)) نالی، 1976، 60.

ناکرێ رۆڵی شاعیری ناوداری کورد –مەولەوی تاوەگۆزی- بەهەند وەرنەگرین، کەپێشتر ئاماژەمان بەئەدەبیاتی ناوچەی هەورامان دا، چونکە مەولەوی لەسەدەی نۆزدەوە، ئاوری لەکێشی خۆماڵی کوردی داوەتەوە، واتە کێشی فۆلکلۆری بەکارهێناوە و لەگەڵ ئەوەشدا شیعرەکانی بە ووشە و زاراوەی رەسەنی کوردی رازاندۆتەوە.

هەر وەك دەڵێت: ((خاڵۆ خاڵۆتەن، کەم واچە خاڵۆ

خاڵۆ دەم وەبات خالانت ماڵۆ

شەرت بۆ من جەداخ خاڵۆی خاڵۆی تۆ

وێم کەروو وە کوڕ چواردەساڵەی نۆ...)) مەولەوی، 2712ك، 325 .

یاخود دەڵێت: ((خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە

زارزار مەنالا وە دەم دەردەوە...)) سەرچاوەی پێشوو ، 337 .

خۆ ئەگەر لەرووی ناوەڕۆکیشەوە سەرنجی بدەین، ناوەرۆکێکی دیار و کراوەی تیا بەیدەکرێت و مەبەستەکەی بەئاسانی دەدات بەدەستەوە.

لەگەڵ ئەمانەشدا ناتوانین بڵێین مەولەوی کاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی یان ئەو تەوژمە ئەدەبییەی لەئەورووپاوە سەریهەڵدابوو، لەسەر بووە، چونکە ئاشکرایە ئەو تەوژمە نوێیە لەسەرەتای سەدەی بیستەوە گەیشتۆتە تورکیا و دواتر لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانیەوە، کاریگەرییەکەی لەناو ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگی داوەتەوە.

بەڵام ئەو نوێگەرییە لای مەولەوی و شاعیرانی ناوچەی هەورامان لەسەدەی نۆزدەوە، دەبینرێت، کەواتە دەتوانرێ بووترێت ئەمە یەکێکە لە خاسەتەکانی ئەدەبیاتی دیالێکتی گۆران.

هەر بۆیە ناتوانین بڵێین شاعیرانی ئەو دیالێکتە بەگشتی و –مەولەوی- بەتایبەتی، سەر بە چ ڕێبازێکی ئەدەبی ئەوروپین یان بە چ ئەدەبێك کاریگەر بووە، چونکە لای مەولەوی گەڕانەوە بۆ سروشت و ئیستاتیکای سروشتی کوردستان و بە پیرۆز زانینی خاکی کوردستان، گەورەترین کاریگەربوون لەسەر هەست و سۆزی مەولەوەی.

دیارە ئەو سەردەمانە هێشتا ئەدەبیاتی کلاسیکی لەبرەودا بوو، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی کلاسیکی میللەکانی رۆژهەڵات، بزوتنەوەیەکی ئەدەبی پێش ئەدەبیاتی رۆمانیك سەریهەڵدا، کە بەقوتابخانەی روناکبیری – المدرسة التنويرية- ناو دەبرێت، کە ئەویش هەر بەکاریگەری ئەدەبیاتی نیوکلاسیزمی ئەوروپییەوە بوو .

هەر بۆ نموونە لای نەتەوەی عەرەب، ئەم قوتابخانەیە پەیرەوکراوە و بەکلاسیکی نوێ ناوبراوە و -مەحموود سامی بارودی- وەك رابەری ئەم رەوتە ئەدەبییە دەناسێنرێت.

لەناو ئەدەبیاتی کوردیشدا بەتایبەتی لەخوارووی کوردستاندا –حاجی قادری کۆیی- بەدامەزرێنەری ئەم قوتابخانە ئەدەبییە دادەنرێت و دوای حاجی کۆمەڵێك شاعیر و رووناکبیری کورد هەر ئەو رێبازەی ئەمیان گرتووە لەوانە: مەلا محەمەدی کۆیی و ئەحمەد موختار بەگی جاف و زێوەر و دڵدار و ... هتد .

هەر لەو بارەیە، خورشید ڕەشید ئەحمەد، دەڵێت: ((لەناو جەرگەی ئەدەبی کلاسیکەوە، جۆرێکی تر لەشیعر پەیدا بووە، پێی دەوترا شیعری کلاسیکی تازە، ئەم شیعرە تازەیە بەروخسار کلاسیکی بوو، بەڵام لەناوەرۆکێکی سیاسیدا، دەتوانێن بڵێین ئەم جۆرە لەشیعرە نیشتمانیەکانی حاجی قادری کۆیی یەوە زۆرنزیك بوو.)) رشید، 1989، 60 .

شاعیرانی کورد لەو سەردەمەی، کەباری ژیان لەگۆڕانکاریدا بووە، بەتایبەتیش لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، هەوڵیانداوە داهێنانی نوێ لەبواری رۆشنبیری و ئەدەبیاتی کوردیدا بهێننەدی، چونکە ئەوە راستییەکە، کە ئەدەبیاتی کوردی هەر لە ((سەرەتاوە تاکۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانی سەر بەرێبازی کلاسیك بوو، شیعر لەو قوناغەیدا کۆمەڵێك یاسا و دەستوری پیادە دەکرد... لەقاڵبی دیاریکراودا خولی خواردووە، بەڵام دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، کاتێك گۆڕانکاری لەهەموو ئاستەکانی ژیانی ئابووری کۆمەڵایەتی و زانستیدا روویدا... توێژێکی نوێی خوێندەوار و رۆشنبیر پەیدابوون، کە ژمارەیان لەزیادبووندا بوو.)) عەزیز، 2006، لا 138.

بێگومان گۆڕانی ژیانی کۆمەڵگا و قۆناغی سەردەمی نوێ، واپێویست دەکات، کە نابێت نەتەوە یا گەل لەو بارەی تێیدایە بوەستێت و ئەدەبەکەشی هەر لەو قاڵبەدا بمێنێتەوە، بەڵکو دەبێ هەنگاو بەهەنگاو لەگەڵ بارودۆخەکەدا پێشبکەوێت، هەر وەك شێخ محەمەدی خاڵ، دەڵێت: ((مەبەست لە ئەدەبی زیندووش ئەوەیە دەبێ بەپێی رۆژگار بگۆڕێ، لەسەر یەك بار نەمێنێتەوە، ئەگینا وەك گۆمێکی مەیوو لەشوێنی خۆی وەستاو بێ ئاو نەچێتە سەرو بۆگەن دەبێ.)) خاڵ، 1975، 1.

تەوەری دووەم : کاریگەری ئەدەبیاتی بێگانە:

ئەو نوێخوازی و رەوتە رۆشنبیرییەی، کە لەئەوروپاوە سەریهەڵدابوو، کاریگەری تەواوی لەسەر شاعیران و رۆشنبیرانی کورد هەبووە، بەتایبەتیش لەڕێی ئەدەبیاتی نوێخوازی تورکییەوە و ئەدەبیاتی گەلانی تری دراوسێ وەك عەرەب و فارس، چونکە ئەو بارودۆخ و رووداوانەی، کەلەناو ئەو گەلانەدا روویاندا بووە هۆی گۆڕانکاری لەبواری رۆشنبیری و ئەدەبیاتی ئەواندا و ئەوەش هۆکارێکی گرنگ بوو، کەبووە هۆی ئەوەی گۆڕانکاریش لەئەدەبیات و رۆشنبیری کوردیدا ڕووبدات و ئاستی هۆشیاری بەرزبێتەوە یا بێتە ئاراوە، بەتایبەتیش هۆشیاری نەتەوەیی، هەر وەك –د.عەزیز گەردی، دەڵێت: (( لەئەنجامی گۆڕانی باری ژیان و پەرەسەندنی رۆشنبیری و باوەشکردنەوە بۆ شارستانیەتی گەلانی تر و زیادبوونی بزووتنەوەی وەرگێرانی بەرهەمی بیری نەتەوەکانی تر، ئەمانە هەموویان کردیانە کارێ، کە نرکەی داواکردنی نوێکردنەوە لەشیعردا بەرزبێتەوە.)) گەردی، 1974، لا 106 – 107 .

هەر بۆیە لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا و بەتەواوی لەساڵانی کۆتایی بیستەکاندا لەخوارووی کوردستاندا و بەتایبەتی لەشاری سلێمانیدا، بزووتنەوەیەکی نوێگەری لەشیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا لەلایەن چەند خاوەن فکر و قەڵەمێکی بەپێزەوە سەریهەڵدابوو، کە بریتی بوون لە: شێخ نوری شێخ ساڵح و گۆران و رەشید نەجیب و ئەورەحمان بەگی نفوس و پیرەمێرد و ... هتد، بەکاریگەری رەوتی نوێخوازی ئەدەبیاتی تورکییەوە ، کە ئەوانیش وەك وتمان کاریگەری رەوتە ئەدەبییە نوێخوازییەکەی ئەوروپییان لەسەر بوو، بەتایبەتیش ئەدەبیاتی ئینگلیزی و فەرەنسی.

هەر لەو بارەیەوە - دڵشاد مەریوانی- وتوویەتی: (( لەساڵانی سییەکانی سەدەی بیستەوە، کۆمەڵێك شاعیری منەوەر و گەنج و گەل ویست و خێرخواز- شێخ نوری شێخ ساڵح و عبداللە بەگی گۆران، رەشید نەجیب، ئەورەحمان بەگی نفوس ... هتد ، بەرەبەرە وازیان لەدانانی شیعری کوردی بەکێشی عەروز هێناو، گەرانەوە لای کێشە خۆماڵییەکانی ئەدەبی نوێی تورکی و ئەوروپایی ... واتا کێشە برگەییەکان، جگە لەهونەر نواندنی خۆشیان، بۆ گۆڕینی شێوەی دابەشکردنی بڕگە لەدێری شیعری کوردیدا.)) مەریوانی، 2006، لا 34.

لەراستیدا کاریگەری نوێخوازی ئەدەبیاتی ئەوروپی لەسەر ئەدەبیاتی رۆژهەڵاتی و ئەدەبیاتی کوردی لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە برەوی پەیدا کردوو بڵاوبۆوە و شاعیران و نووسەرانی کوردیش ئەو رێبازەیان فەرامۆش نەکردووە و بە گوڕوتینەوە لەگەڵ رەوتەکەدا شانیان داوەتە بەر و بەبیر و قەڵەمی بەبڕشتەوە توانیویانە ئەرکی نەتەوەیی خۆیان پیرۆز رابگرن و درێغی نەکەن، چونکە هەستیان بەوە کردبوو، ئەگەر لەو رەوتە دووابکەون، ئەوا شیعر و ئەدەبیات و رۆشنبیری کوردی هەنگاو بەرەو پێشەوە نانێ و لەخەوی غەفڵەتدا دەمێنێتەوە، واتە کاتی ئەوە هاتبوو ئیتر ئەو چەمکە کۆنە وازلێبهێنن و بەرەو چەمکی تازە و نوێخواز هەنگاوبنێن.

ئەو رۆڵە گرنگەی ئەو کۆمەڵە شاعیرە نوێخوازەی کورد لە نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی کوردیدا گێرایان، هەمیشە بەرز دەنرخێندرێت، چونکە هەنگاوێکی ئاشکرا و روون بوو بۆ هاتنە کایەی رێبازێکی ئەدەبی نوێ، کە ئەویش رێبازی رۆمانتیکی کوردی بوو.

لەراستیدا روناکبیرانی کورد، چ ئەوانەی لەوڵات بوون و چ ئەوانەی دەرەوەی وڵات، بەهۆی وەزیفە و کاروباری رۆژانەوە، هەموویان زمانی تورکییان دەزانی و شیعری تورکی و بەو هۆیەشەوە شیعری ئەوروپییان دەخوێندەوە، بەتایبەتی ئەدەبیاتی – دەوری وریا بوونەوەی تورك – کاریتێکردبوون، شتێکی ئاسایی بوو ئەو زمان و ئەدەبیاتە ببێتە سەرچاوەیەك بۆ نووسینی بابەتی نوێ و لەزمان و ئەدەبیاتی کوردیدا رەنگ بداتەوە، بەو هۆیەوە بۆ ئاسۆکانی نوێکردنەوە بروانن.

هەر لەبارەی کاریگەری ئەدەبیاتی تورکییەوە، ئەحمەد تاقانە، دەڵێت: ((نامیق کەمال و تۆفیق فیکرەت و جەناب شیهابەدین و رەجائی زادەئەکرەم شاعیرانی – فەجری ئائی-یش ، چ لەزمان و چ لەشێوازدا، کاریگەرییان لەسەر شاعیرانی نوێخوازی کورد بەئاشکرا دیارە)) تاقانە، 2001، 19.

چونکە ئەو گروپە ((رێبازێکی نوێیان لەئەدەبدا گرتەبەر و ئامانجە سەرەکییەکەیان بریتی بوو لەگەشەپێدانی زمان و ئەدەب و زانستە کۆمەڵایەتییەکان و رێگا خۆشکردن بۆ لاوانی بەهرەمەند بۆ پەرەپێدانی تواناکانیان، زۆرتر شیعری سمبولیکی فەرەنسی کاری تێکردبوون.)) أوغلو، بلا، 50 .

یەکێك لەو شاعیرە کوردانەی کە رۆڵی سەرەکی و بنچینەیی گێرا لەنوێکردنەوە و هاتنە کایەی ئەدەبیاتی رۆمانتیکی کوردی شێخ نووری شێخ ساڵح بوو، کە ئەمیش کاریگەربووە بەشاعیرانی ئۆدەبای فەجری ئاتی- بەتایبەتیش کاریگەری – تۆفیق فکرەت – ی لەسەر دیار بووە، کە ئەویش یەکێك بوو لەشاعیرە دیار و نیشتمانپەروەرکانی ئەو سەردەمەی ئەدەبیاتی تورکی.

- شێخ نووری-یش وەك قەڵەمێكی دیار و نیشتمانپەروەری ئەو سەردەمەی ئەدەبیاتی كوردی بوو، بەتایبەتیش لەناوچەی سلێمانیدا ڕۆڵێكی بەرچاو و گرنگی گێرا لەبەرەوپێشچوونی ئەدەبیاتی نوێی كوردیدا، هەر وەك مامۆستا رەفیق حیلمی، دەڵێت: ((نوری شێخ صالح، لەگەڵ ئەوەشدا، كە ئەڵقەی بەیەكەوە نووسانی دەورەكانی كلاسیك و وریا بوونەوەیە، لەراستیدا خۆی دەورێكی تایبەت ئەنوێنێ.)) جەلالی – 1984، 43 .

چونكه خاوەنی ڕۆشنبیرییەكی فراوان بووە و ئەوەش هاندەر و پاڵپشتێكی باش بووە بۆ ئەوەی شیعرەكانی بەها و سەنگی خۆیان هەبێت، چونكه (( هەر بەهرە بۆ شاعیر بەس نییە، بەڵكو بەهرەكەی بەرۆشنبیری گەشە دەكات. شێخ نووری هەم بەهرەی شاعیری هەبووە، هەم لەرووی تیۆریەوە ئاگاداری رەگەز و بنەماكانی شیعری دەوروبەری و جیهانی بووە، لەبەر ئەوە توانیوەیەتی داهێنان لەشیعرەكانیدا بكات.)) سەلام، 2004، 12.

شێخ نووری لەگەڵ بەكارهێنانی وێنەی خوازەیی، كە لەشیعری كلاسیكیدا باوبووە، زۆر جار بەهەمان كەرەسە و هەندێ جاریش بەكەرەسەی نوێ، وێنەی جۆراوجۆری تازەی دروستكردووە و داهێنانی تێدا كردووە و بەشیعر مامەڵەی لەگەڵ هەندێ بابەتی كۆمەڵایەتی كردووە، كەپێشتر شاعیران و ڕووناكبیران لایان لێنەكردۆتەوە، وەك لایەنی ئابووری و گوزەرانی خەڵك و مەسەلەی ئافرەت و بابەتی زانستی و ... هتد .

هەر لەبارەی شێخ نووری یەوە، رەفیق حلمی- دەڵێت: (( ژیانی ئادەمیزاد، یەكێكە لەو شیعرانەی-نوری- كە لەسەر ئسلوبی –تۆفیق فكرەت- دیناوە، ئسلوبی شیعرەكانی بەتەواوی لەهی ئەو ئەچێ، وەكو تۆفیق فكرەت وشەی فارسی و عەرەبی بەكارهێناوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشا وشەی كوردی پەتی، تەعبیری جوان و تازەشی خستۆتە پاڵ وشە بێگانەكان.)) حلمی، 1988، 202.

ئەمەش نموونەیەكە لەشیعری –ژیانی ئادەمیزاد-ی شێخ نووری، دەڵێت:

((لەناو شەپۆلی خەما سەرنگون و بێ ئارام

بەكێوی سەختی ژیانا، بەپێ، بەچنگەر ررنێ

خەریكی هەڵمەتی سەركەوتنە، بگاتە سەرێ

لەپڕ نشێوی كڵۆڵی بواری لێ ئەتەنێ

بەداوی یأس و ئەلەم، تار و پۆی لەئاخ لەزام!...)) سەرچاوەی پێشوو، لا 200-201 .

بەڵام د.كامل بصیر لەبارەی شێخ نوری و رۆڵی لە تازەكردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی كوردیدا، دەڵێت: ((شێخ نوری شێخ صالح، كە بەسەرۆكی ڕێبازی تازەكردنەوەی هۆنراوەی كوردی ناسراوە، بەهیچ جۆرێك گۆشەگیر نەبووە و خۆی لەتاقیكردنەوەی میللەتان نەپچڕاندووە، هەروەها بەهیچ جۆرێك شوێن پێی هیچ بەرهەمێكی بێگانەی هەڵنەگرتووە و كوت و مت لاسایی هیچ كەسی نەكردۆتەوە، بەڵكو بەزەینێكی كراوە و مێشكێكی لێكدەرەوە ڕێگای داهێنان و خوڵقاندنی گرتۆتەبەر.)) بصیر، 1980، 88.

-گۆران-ی شاعیر لەبارەی رۆڵی شێخ نووری- یەوە لەو نوێگەرییەی كە لەدوای جەنگی یەكەمی جیهانییەوە لەناو ئەدەبیاتی كوردیدا سەریهەڵدا، دەڵێت: ((نوسەر و شاعیرانی ئەوسا، بەتایبەتی شێخ نوری و رەشید نەجیب و من، كە پێكەوە بەئەدەبی توركی موتەئەسیر بووین. پێكەوە ئەمان نووسی، بەڵام تەنیا شێخ نوری شیعرەكانی بڵاوكردەوە، من بڵاوم نەئەكردەوە، لەم بارەیەوە نەشاطی دەرئەكەوت.)) ئەحمەد، 1989، 68 – 69.

نابێ ئەوە بەهەند وەرنەگرین، كە شاعیرانی نوێخوازی نەتەوەكەمان ئاوڕیان لە سامانی كلتووری و ڕۆشنبیری كورد داوەتەوە و هەمیشە وەك ژێرخانێكی بەسوود بووە، بۆیان، شێخ نوری نموونەیەكی بەرچاوی ئەو شاعیرانەیە، كە

سوودی لەو بوارانە وەرگرتووە، بەتایبەتیش لەبەکارهێنانی کێشی بڕگەیی و سەروایی و مەسنەوی و ...هتد، هەر بۆیە وتراوە (( کلتوور پەیکەرێکی بەستوو بێجوڵە نییە، بەڵکو گیانێکی زیندووە ، وەك دەریا بەهێزە، کە ئاوی هاتووی سەرچاوەکان پاڵی دەنێت.)) إمام، 2005، لا 84.

ئاشکرایە کە لەنوێکردنەوەی شیعری کوردی لە خوارووی کوردستاندا زیاتر ناوی شێخ نووری و گۆران دەهێنرێت، بەڵام گەر بەووردی رۆبچینە ناو مێژووی ئەدەبی کوردییەوە، هەر لەو سەردەمەدا واتە سەرەتای سەدەی بیست، ناوی زۆر لەشاعیران دێتە بەرچاو، کە هەوڵیان داوە لەو بوارەدا جێ پەنجەیان دیاربێت، بەڵام هەندێکیان زۆر زوو کشاونەتەوە و بەردەوامیان بەهەوڵەکانیان نەداوە، یان بەرهەمەکانیان بڵاونەکردۆتەوە، هەر بۆیە د.ئەبوبەکر خۆشناو، دەڵێت: (( -رەفیق حیلمی-ش لەوانەیە لەنوێکردنەوەکەدا پێش هەموویان کەوتبێ، پێش (نوری)ش، بەکوردی و تورکی شیعری بلاوکردۆتەوە، تەنانەت شاعیرێکی تر ( عەبدولرەحمان بەگی نفوس) لەسەرەتای ژیانی شاعیریەتیدا زۆر بەگوڕ دەستی دایە تازەکردنەوەی هەڵبەست و لە (نوری) کۆنترە، بەڵام شیعرەکانی بڵاونەکردۆتەوە.)) خۆشناو، 2008، 59

ئەم تازەگەریی و گۆرانکاریانە دەبوایە لەو سەردەمەدا روویانبدایە، چونکە ئەدەبی کلاسیکی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژبوو، وەك گۆمێکی مەنگ وەستابوو تازەگەریی تیادا بەدینەدەکرا، هەر بۆیە شاعیران و رۆشنبیرانی کورد بەدوای سەرچاوەی ئەدەبیی نوێدا گەڕاون و ئەوە بوو لەئەنجامی هەوڵوتێکۆشانی کۆمەڵێك لەو شاعیر و رۆشنبیرانە کە پێشتر ئاماژەمان پێدان، واتە شێخ نووری و هاوڕێکانی، رێباز یا قوتابخانەی ئەدەبی رۆمانتیکی کوردییان داهێناو پەیرەویان کردووە و بووە بنەمای رەوتی نوێخوازی لە ئەدەبیاتی کوردیدا، بەتایبەتیش لەخوارووی کوردستاندا.

هەر لەبارەی رەوتی نوێخوازی و بەتایبەتی ئەدەبیاتی رۆمانتیکیەوە شارەزایان و پسپۆڕانی ئەو بوارە دەڵێن: (( مادم شێوەی ژیانی مرۆڤ بەرەو پێشکەوتن ئەڕوات، دیارە ئەگونجێت شیعر و ئەدەبیش بەرەو پێشکەوتن برۆن، بۆیە ئەبێ زۆرتر گوێ بدەینە جوانی سروشت و داهێنانی تازە و دوارۆژ، نەك خۆمان بەرابوردووی کۆنەوە بێ سوود گیرۆدە بکەین، بەم رەنگە ئەمانە تەلیسمی وشکی ئەدەبی کلاسیکی کۆنیان شکاندو خۆیان واسەپاند، کە ئەدەبەکەیان بوو، بە ئەدەبێکی پێشەویی نوێ.)) هەوری، 1975، 10 .

ئەمە جگە لەوەی یەکێك لەبوارە گرنگەکانی نوێخوازی ئەوە بوو، کە ئەو قاڵبە زمانە شیعرییەی کلاسیکیان شکاند، کەتێکەڵ بوو لە وشەی عەرەبی و فارسی و تورکی و گەڕانەوە بۆ بەکارهێنانی زمانێکی شیعری کە بەوشە و زاراوەی رەسەن و پەتی و خۆماڵی رازابۆوە، یان چنرابوو، (( ئەمەش لای پیرەمێرد بەزەقی دیارە، کە بەزۆری هەوڵی پاککردنەوەی زمانی کوردی دەدات لە وشەی بێگانە، پیرەمێرد بەدوای وشەی کوردی بەکارنەهێنراودا دەگەڕاو دەیخستنە بەرچاو...)) وشیار. 1990 ، لا 90 – 91 .

هەر بۆیە دەتوانرێت بووترێت پیرەمێرد یەکێك بوو لەپێشەوا بەئەزموونەکانی رووناکبیرانی کورد لە ساغکردنەوەی زمانی رەسەنی کوردیدا و بەتایبەتی لەزمانە ئەدەبییەکەدا، زۆر ژیرانە بەدوای وشە و زاراوەی رەسەنی ناو سامان و کەلەپوور و فۆلکۆری کوردیداگەڕاوە و رووی جوانی بەرهەمەکانی پێرازاندۆتەوە.

هەر چەندە پیرەمێرد کاریگەربووە بەرەوتی نوێخوازی ئەدەبیاتی جیهانی لەڕوانگەی ئەدەبیاتی نوێخوازی تورکیەوە، بەڵام نابێ ئەوە بەهەند وەرنەگرین، کە کاریگەریی ئەدەبیاتی (مەولەوی) یشی لەسەربووە بەتایبەتی لەرووی روخسارەوە، کە جێی سەرنج و بەدواداچوونە.

پیرەمێرد بەزمانە شیرینەکەی کوردی دەڵێت:

(( ئاوە جوانەکەی سەرچاوەی زەڵم

بۆ گەڵا ڕێزان سەربەتەم و هەڵم

ئەڵێی سەرچاوەی بەختی کوردانی

لەسەردا سارد و سەر لەئاسمانی...

لەدوئاواندا کەیەك ئەکەوی

وەك دوو مصرعی فەردی مەولەوی... )) پیرەمێرد، 1970، 134.

ناکرێ – زێوەر-ی شاعیریش لەیاد بکرێت ، کە چ رۆڵێکی بەرچاو و دیاری هەبووە، زۆر راشکاوانە دەتوانین بڵێین لەرووی روخساری شیعرییەوە، ئاوڕی لەکێشی برگەداوەتەوە، واتەکێشی خۆماڵی، ئەمە لەلایە، لەلایەکی ترەوە بناغە داهێنەری سروودی کوردییە، ئەوەش بەکاریگەری سرووده تورکییەکانەوە بوو، کە گیانێکی مرۆڤدۆستانە و کۆمەڵایەتی و هەستی نیشتمانپەروەرانەی تێدا بەرجەستەبوو بوو، کە زیاتر لەلایەن شاعیرانی – ئودەبای فەجری ئاتی –یەوە هاتبوونە بوون، هەر وەك ، ئەبوبەکر خۆشناو دەڵێت: (( ئەو سروودانەی بوونە هۆی ژیاندنەوەی گیانی نەتەوایەتی کوردی و ئەو گیانەش کێش و سەرواو زمانێکی تایبەت بەخۆی دەویست، کە لەقاڵبی سروودی کوردیدا بەرجەستە دەبوو، زێوەر رۆڵێکی گەورەی لە وەرگێران و بەکوردی کردنیاندا و دانانی سروودی کوردیدا، گێرا. )) خۆشناو، 2008، 53 – 54.

واتە سروودی ( وا وەتەن خەمڵیوە )ی – زێوەر- بەبناغەی سرودی نیشتمانی کوردی دادەنرێت، کە دەڵێت:

(( وا وەتەن خەمڵیوە وەك گوڵ نەو بەهاری میللەتە

شادمانی قەومی کوردە وەخنی لوطف و رەحمەتە

زەرەیەك خاکی وەتەن نادەم بەقەسری قەیسەری

(جوملە ئەنهاری) وەکو کەوسەر هەوای وەك (جەنەتە) ...)) مستەفا، 2010، 100 .

هەر چەندە - گۆران- خۆی زۆر راشکاوانە باسی لەوەکردووە کە شێخ نووری دەسپێشخەری کردووە لەنوێکردنەوەی شیعری کوردیدا و بەڕابەری ئەو نوێکردنەوەیەی دادەنێ.

بەڵام لەراستیدا مێژووی ئەدەبیاتی نوێی کوردی ئەوەی سەلماندووە، کە -گۆران- بەپلەی یەکەم رۆڵی کاریگەر و بەرچاوی لەنوێخوازییکەدا هەبووە و هەتا دوا تەمەنی کۆڵی نەداوە و بەردەوام بووە و لەئاستی ئەدەبیاتی میللەتانی دراوسێ و ناوچەکەدا تونیوێتی ئەدەبیاتی کوردی بەرەو پێش ببات و دوانەکەوێت، هەر بۆیە ((لەگەڵ باسکردنی ئەم بزووتنەوەیەدا، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ خودی گۆران و بەرهەمەکانی، چونکە گۆران دەرگای لەسەر ئەو بزووتنەوەیە واڵاکردوو بناغەکانی چەسپاند، هەروەها وەك شاعیرێکی دیاری ئەم بزووتنەوەیە توانیوێتی نوێکردنەوەی شیعریی، درێژە پێبدات و بیکاتە قوتابخانەیەکی تایبەتی شیعری، کە بە -قوتابخانەی گۆران- ناسراوە، شاعیرانی سەردەمی خۆی و دواتر، وەك سەرچاوەیەکی گرنگی ئەزموونی شیعرییان هەنگاوی نوێ و داهێنان ئەنجام بدەن و لەسەری برۆن.)) حەمە ئەمین، 2010، 57

هەرچەندە -گۆران- پێش پەیرەوکردنی رێبازی رۆمانتیکی، لە شیعردا وەك هەموو شاعیرێکی کلاسیکی ئەو سەردەمەی ئەدەبی کوردی، بەقۆناغی شیعری کلاسیکیدا تێپەڕیوە و لەسەر رێچکەی ئەوان شیعرەکانی لەسەر کێشی عەروزی عەرەبی داناوە.

بەڵام دواتر ئەو رێچکەیەی شکاندووە و بەرەو نوێخوازی و ئەدەبی رۆمانتیکی و پاشان ریالیزمی رەوتی شیعریی خۆی گرتۆتەبەر، هەروەك وتراوە ((ئەگەر مەلای جزیری و ئەحمەدی خانی و نالی و سالم و کوردی و مەحوی و

... هتد لە جیهانی هۆنراوەدا تەنیا ڕێچکەیەکیان گرتبێ کە کلاسیکە، چ وەك بابەت یا وەك شێواز و کێش و سەروا و روخسار، ئەوا –گۆران- لەتەمەنی شیعرەکانیا چەند قۆناغ و ڕێبازێکی کەی کردووە و ئەسپی هۆنراوەکانی لەمەیدانی رۆمانتیك و ریالیزمی فۆتۆگرافی و رەخنەگرانە و شۆڕشگێری و دواجاریش سۆشیالیزمیدا تاوداوە...، دیارە ئەم ئاڵوگۆڕانکارییە لەم بوارە جودایانەدا بەڵگەی گەشەسەندن و بەرەو پێشبردن و جوڵانەوە و کەسێتی هۆنراوەکانی گۆرانە.)) محمود، 1990

ئەو زمانە سادە و ساکار و پڕ هونەر و بەهرەمەندییەی –گۆران- وایکردووە شاعیرانی سەردەم و دوای خۆی ئەو رەوتە بگرنە بەر، چونکە تابۆی کرابێ هەوڵیداوە وشەی کوردی پەتی و رەسەن لەشیعرەکانیدا بەکاربهێنێ، کە ئەمەش بەهرەی هونەری شاعیر دەردەخات، چونکە شاعیر جگە لەروخسار و ناوەڕۆك زۆر لای لەزمانە کوردییە رەسەنەکە کردۆتەوە و بەئاگاییەوە سامان و کەلەپووری نەتەوەیی کوردی پاراستووە و بابەتە فۆلکلۆرییەکانی لەشیعرەکانیدا پاراستووە، کەزۆر لەشاعیرانی سەردەم و پێش خۆیشی، ئاوڕیان لێنەداوەتەوە.

هەر وەك وەك نموونەیەك، کە دەڵێت:

(( سەرانسەری چەم  داری ژاڵەیە،

ئەو داوێن سەوزی سەرلق ئاڵەیە!...

بووکی ژێر تارای رەنگ ئەرخەوانی

شۆخ و شەنگە وەك گوڵی بەیانی!

ئێمەش (لەشکری)ین بۆ خوای دڵداری

خاتوو زین بۆ مەم ئەبەین بەدیاری!...)) گۆران، 1982، 150 – 151

بەگشتی دەتوانین بڵێین –گۆران- لەبواری روخساری شیعریدا هەوڵی زۆری داوە بۆ بەرەو پێشبردنی شیعری کوردی لەم بوارانەدا، هەر بۆیە -ئەژی گۆران- دەڵێت: ((گۆران لەرووی کێش و سەرواوە، دەستی لەشێوەی عەرووزی کۆن هەڵگرت و شیعری کوردی گەڕانەوە بۆ کێشی پەنجە (هجا) ی کوردی، کە چ لەفۆلکلۆری کوردیا پەیڕەو کرابوو، یاشیعری هەورامی سەردەمی ئەردەڵانی پێ وترابوو، وشەی کوردی و داهێنان لە وشەکانا، کە ئەم باسەش لەگەڵ ئەوەی سەرەوەدا –فۆرم- پێکدێنن.)) ئەژی، 2000، 76.

سروشت لای گۆران رەگەزێکی سەرەکی و دیار بوو لەشیعرەکانیدا و رەنگدانەوەی واقعی کوردستان تێدا دەبینرا، خۆ ئەگەر سەرنج بدەینە دوو گەشتەکەی (گەشتی هەورامان و گەشتی قەرەداغ) ئەو راستییە زۆر بەئاشکراو روونی دەبینین.

کاکەی فەلاح، لەبارەی ئەو داهێنان و ووردەکارییە هونەرییانە و سەرنجدانی ووردی گۆران لەسروشت و جوانی ئافرەت و ...هتد، دەڵێت: (( گۆڕین و داهێنانەکە لەسەردەستی –گۆران- دا، وەك سیمایەکی ئەم قوتابخانەیە لەمەیدانی شیعری کوردیدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا بریقایەوە: بەکارهێنانی کێشی پەنجەی خۆماڵی... یەکێتی بابەت، هونەر بۆ هونەر، دەرخستنی جوانی سروشت و ئافرەت...، پەنابردنە بەرسروشت و حەزکردن لەشتی ساکار و ... هتد.)) فەلاح، 1980، 33 .

هەر وەك دەڵێت:

(( کانی یەکی روونی بەر تریفەی مانگەشەو:

لەبنیا بلەرزێ مرواریی زیخ وچەو ،

جونترە لەلای من لەدەریای بێ سنور

شەپۆلی باتەبەر تیژکی رۆژ شلّپ و هوور !)) گۆران، 1980، 46

دوای داگیرکردنی عێراق لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، واتە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، بوارێکی باشتر رەخسا بۆ شاعیران و رۆشنبیرانی کورد، کە زیاتر ئاشنابن بە ئەدەبیاتی ئەوروپی بەگشتی و ئەدەبیاتی ئینگلیزی بەتایبەتی، چونکە شاعیرانی کورد هەوڵیان دابوو، کە بەزمانی ئینگلیزی ئاشنابن، دوای ئەوە راستەوخۆ چوونە ناو ئەدەبیاتی ئینگلیزییەوە، وەك گۆران خۆی باسی لەوەکردووە و وتوێتی کاتێ فێری زمانی ئینگلیزی بووم، ئیتر راستەوخۆ بەرهەمەکانی (شیللی و کیتس و بایرۆن)م دەخوێندەوە و پێیان ئاشنابووم.

هەر بۆیە دەکرێ بووترێت نێوان ساڵانی 1920 – 1930ز مەیدانێکی باش بووبێت بۆ تاقیکردنەوەی سەرکەوتنی ئەو رەوتە نوێخوازییە و گۆران رۆڵێکی مەزنی گێرابێت لەچەسپاندن و جێگیرکردنی ئەدەبیاتی رۆمانسی ئینگلیزی، کە بۆتە بناغەی سەرەکی بۆ ئەدەبیاتی رۆمانسی کوردی.

بەردەوامی و هەوڵوتەقەڵاو داهێنانەکانی گۆران لەو بوارەدا بەتایبەتی لەنێوان ساڵانی 1930 – 1945 ماوەیەکی ئێجگار رۆشن و دیاربوو، کەتوانی ئەدەبیاتی کوردی بگەیەنێتە ئاستێکی باڵاو دیار، چ لەرووی رووخسارەوە ژ لەرووی ناوەڕۆکەوە.

لەدوای جەنگی دووەمی جیهانییەوە ئاسۆیەکی نوێ لەئەدەبیاتی هاوچەرخی کوردیدا سەریهەڵدا، ئەویش بەهۆی گەشەسەندنی خەباتی سیاسی و دروستبوونی حیزب و گروپی سیاسی و بەرەنگابوونەوەیان بەرامبەر رژێم و دەسەڵاتدارانی ئەو کاتەوە، کاریگەرییەکی باشی بەسەر ڕەوتە ئەدەبییەکەی ئەو سەردەمەوە هەبووە، کە ئەویش رێبازی ریالیزم بوو، گۆران بەسەر قافڵە و دامەزرێنەری ئەو جۆرە ئەدەبە لە ئەدەبیاتی کوردی خوارووی کوردستاندا دادەنرێت.

سەرەتا بە ریالیزمی فۆتۆگرافی دەستیپێکردووە و پاشان بەرەو ریالیزمی رەخنەگرانە، کەرەخنەی لەو واقعە تاڵەی ژیانی کۆمەڵگای دەرەبەگایەتی گرتووە. نموونەی شیعری گۆران لەم بوارانەدا زۆرە، یەکێك لەو نموونانە شیعری – بووکێکی ناکام-ە کە دەڵێت:

((لەژێر تارای سورمەچنا هەرەجوانی دێ،

(کچی جووتیار!) بەرەو کۆشکی ئاغا کەوتە ڕێ...

کۆشکی ئاغا گەچ کاری یە، ئاوێنەبەندە،

کەس نازانێ بەژمارە، پەنجەرەی چەندە!...

تاکو دەڵێت:

کوڕی شوانە کەئەمەی بیست شێت بوو، دایەکێو،

زەوی داگرت بەتف کردن، ئاسمان بەجنێو!

چەن جارێ شەو ماڵی ئاغای دایە بەر تفەنگ،

دەغڵی سووتان، باغی بری، بۆ ئەتك و بۆ پەنگ، ... )) سەرچاوەی پێشوو، 57 – 59.

پاشان گۆران بەرەو ریالیزمی شۆڕشگێرانە و سۆشیالیزمیانە هەنگاوی ناوەو لەم بوارەشدا جێ پەنجەی دیارەو چەندەها نموونەی شیعری هەیە، وەك (دواسەرنج، بەستەی نەبەز، لەبەندیخانە، زیندانی ئەژدەهاك، لەبنی بیردا، وەڵامی پرس... هتد) شیعری (بەستەی نەبەز) نموونەیەكە لەو شیعرانەی كە بەسەرهاتی گرتن و دیلكردنی تێكۆشەرێكمان –كەشاعیر خۆیەتی- بۆ دەگێڕێتەوە، كە لەپێناوی بیروباوەڕێكدا چەند ئازار و چەرمەسەرێی دیوە و دەڵێت:

(( من ئەو دیلەم ئامانجم قیبلەی گشتە،

باسامدار بێ و پڕ درك بێ رێی راستم،

مادام هێزی زۆربەی گەلم لەپشتە:

دڕك گوڵە و ترس ئارامە بۆ خواستم!)) سەرچاوەی پێشوو، 270 .

نابێ رۆڵی شاعیرانی تریش بەهەند وەرنەگرین، كە هەریەكەیان بەپێی توانا و ئاستی خۆیان رۆڵیان هەبوو لەنوێكردنەوەی شیعری كوردیدا بەتایبەتیش لەخوارووی كوردستاندا، هەر بۆ نموونە لەوانە -دڵدار- كە داهێنەری مارشی نەتەوەیی كوردە، واتە سروودی – ئەی رەقیب- .

-پیرەمێرد-یش، كە زیندووكەرەوەی یادی نەورۆزە و سروودی –نەورۆز-ی داهێناوە.

هەروەها شاعیرانی تریش وەكو شێخ مارفی بەرزنجی و ع.ح.ب.و برایم ئەحمەد و شێخ سەلام و دڵزار و هەردی و ع.ع. شەونم و كامەران و دیلان و كاكەی فەلاح و هیتد... ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە لە باكوری كوردستانیش یان كرمانجی سەروو ،ڕۆڵی – قەدری جان وجگەر خوێن و عوسمان سەبری و نورەدین زازا و...هتد ولە ڕۆژهەڵاتی كوردستانیش شاعیرانی وەكو هێمن وهەژار و سوارەی ئیلخانی زادەو ... هەر هەموویان جێی سەرنج و ستایشن لە خزمەتكردنی كورد و ئەدەبەكەیدا.

نابێ كاریگەری ئەدەبیاتی فارسی لە سەر شاعیرانی كورد بە هەند وەرنەگرین، چونكە زمانی فارسی رابوردوو ومێژوویەكی بەهێزو كاریگەری هەبووە لە سەر شاعیرانی كورد،هەر لەو بارەیەوە-پیرەمێر-لە ژمارە (967)ی رۆژی 1949/6/2 ی رۆژنامەی -ژین – دا، دان بەوەدا دەنێ، كە هەر لە منداڵییەوە ئولفەتی لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی ئێراندا هەبووە.)) موتابچی، 1973 .

هەر لەسەر ئەو كاریگەرییە، د.ئەمین موتابچی، دەڵێت: (( پیرەمێرد شیعرەكانی سەعدی شیرازی و ناسر خوسرەو و شاعیرانی مەشروتەی دەخوێندەوە و كاری زۆریان بەسەریەوە هەبووە.)) سەرچاوەی پێشوو.

-گۆران- یش لەچاوپێكەوتنی لەگەڵ –عەبدولرەزاق بیمار- دا دەڵێت: ((سەرمەستی ئەدەبی توركی و فارسی بووین.)) بیمار، 1972،ژ= 2 .

بێگومان شاعیرانی نوێخوازی ئێرانی بەگشتی و فارسەكان بەتایبەتی بەكاریگەری ئەدەبیاتی ئەوروپی توانیویانە ئەدەبیاتی نەتەوەكەی خۆیان بەرەوپێش ببەن و تازەگەری تێدا ئەنجام بدەن، بەڵام بنەمای ئەدەبی خۆیان پاراستووە؛ یەكێك لەو شاعیرە بەهرەمەندانەی، كەرۆڵی سەرەكی گێراوە لەنوێكردنەوەی شیعری فارسیدا –نیمایوشیج- ە، كە بەدامەزرێنەری شیعری نوێ و بنیاتنەری نوێخوازی دادەنرێت لە ئەدەبیاتی فارسیدا و لە هەمانكاتدا كلتووری نەتەوەكەی پشتگوێ نەخستووە.

هەر وەك چۆن گۆران لەئەدەبیاتی کوردیدا ئەو رۆڵەی بینیوە، بەڵام نابێ ئەوە لەیادبکەین کە نیما چەند ساڵێك پێش گۆران ئەو رەوتەی لەئەدەبیاتی فارسیدا گرتوتەبەر.

هەر چەندە پێش ئەمانیش لای هەردوو نەتەوەکە هەوڵدراوە بۆ تازەکردنەوە و نوێخوازی لەئەدەبیاتەکەیاندا، بەڵام وەك ئەم شاعیرانە رۆڵی مەزنیان نەگێراوە، بەتایبەتیش لەبواری سیمای شیعریدا، هەروەك وتراوە ((لەسەرەتای سەدەی پێشوودا بوو، کە پاش هەندێ گۆڕانکاریی بەرچاوی کۆمەڵگای مەدەنی و ژیانی رامیاری، ریفۆرمی شیعریی لای شاعیرە کورد و فارسەکان بووە جێی بایەخ. ئا لەو کاتەداو لەڕێگای ئاشنایەتیی شاعیران لەگەڵ فەرهەنگی رۆژئاوایی، هەندێ لەبنەما کلتوورییەکانی ئەوروپی بوون بە بەردی بناغەی نوێکردنەوەی شێوازی شیعریی لای ئەم شاعیرانە.)) طاهر ،2006 ، 7.

بەڵام گۆران و نیما تازەکردنەوەکەیان بەشێوەیەکی تیۆری دارِشت و لەشیعرەکانیاندا پراکتیزەیان کرد.

ئەو هەوڵو تەقەلایەی، کە -نیما- و –گۆران- بۆ نوێکردنەوەی شیعر و ئەدەبیاتی نەتەوەکەیان داویانە، هەر بەو شێوەیەش –نازم حیکمەت- لەنوێکرنەوەی ئەدەبیاتی تورکیدا، ئەو ڕۆڵەی بینیوە، هەر بۆیە ئەم سێ شاعیرە و دەیان شاعیر و نووسەری هەرسێ نەتەوەکە بوونەتە جێی سەرنج و تێرامانی نووسەری گەورەی فەرەنسی –کریستین کلاڤێ- کە لەتێزی دکتۆراکەیدا لەساڵی 2001 دا لەزانکۆی سۆربۆن بەدەستیهێناوە، ((هەوڵی داوە لەڕێگای ناوەڕۆکی بەرهەمەکانیانەوە لەڕۆڵی دەروونناسی و کۆمەلایەتیی شیعرەکانیان بکۆڵێتەوە و بایەخێکی ئەوتۆی بەلایەنی رووخساری شیعرەکان نەداوە.)) سەرچاوەی پێشوو، 10 .

بەشی دووەم: رەوتەکانی نوێبوونەوەی شیعری فارسی :

گەلێك لەشاعیرانی ئێرانی دركیان بەو ڕاستییە کردبوو کەشیعری فارسی لەڕێڕەوی نوێبوونەوەیدالە دوخێکی وەستاوو مت بووندایەو پێویستە تەکانێك و هە نگاوێك بە ئاراستەی نوێبوونەوەیدا بنرێت بۆ دەرهێنانی لەوواقیعە تاڵەی کە تێی کەوتووە،چونکە رێڕەوی نوێبوونەوە هە موو قوژبنێکی جیهانی تە نیبوو، لە ئێراندا چەندین لەمپەرو کۆسپ تەگەرەی بەردەم پەرەسەندنەکان بوون، ئەمیش گەلێك هۆکاری ناوخۆیی و دەرەکی لە پشتەوە بوو .

بەم جۆرە زۆرێك لە شاعیران لای خۆیانەوە بۆ نوێبوونەوەی شیعری فارسی لە ڕێرەوە مێژووییە پڕ شکۆکەیدا تا چیتر شیعری فارسی نەبێتە پاشکۆی شیعری هاوچەرخی جیهانی،هەوڵەکانیان چرتر کردەوە و هەریەك بەڕۆڵ و تواناوسەلیقەی خۆی شتێکیان خستە ڕوو، لە گەڵ ئەوەشدا پەرە سەندنەکان و هەوڵەکان لە سنورێکی بەر تەسکداخۆیان بینییەوە ،هەر یەك لە (جەعفەر خامنەئی ، تندرکیا، عشقی ) و کەسانی دی، نەیانتوانی شتێکی ئەوتۆ بکەن ،کە ڕێچکەو ڕێبازی کلاسیکی باو بگۆڕن ودۆخێکی نوێی شیعری فارسی بخولقێنن ، ئەمەش نکۆڵی کردن و کەمکردنەوەی ڕۆڵی ئەو هەوڵانەی ئەوان نییەو بگرە هەوڵەنوێخوازیەکانیان لەمێژوونوێبوونەوەی شیعری فارسی فەرامۆش ناکرێت. فساری. 1372. 487.

هەوڵەکان لێبڕاوانەتر وتێروانینەکان وردتردڵسۆزانەتر خرانە گەڕلەم پێناوەداوپێشەنگی هەمووان (عەلی ئەسفەندیاری) (نیما یۆشیج) بوو، کە لە هەمووان هێمن وڕاستگۆ وردتردرکی بەو ڕاستییە کردبوو ،وە هەر زووش بۆی دەرکەوت ،کە هاوچەرخانی هەوڵەکانیان بۆنوێبوونەوە سنوور دارو بێ ئاکامەولەوەزیاتریان لە وزەدا نییە ،ئەمەش بێگوومان هۆکاری خۆی هەیە . شفیعی.1359.،114 ،115

(نیما) بۆی دەرکەوت ئەوەی هاوەڵەکانی کردوویانەو هێناویانەتە کایەوە لەمبارەوە لە ڕووی سۆزەوە بەهێزوو لە ڕووی ویناکردنەوە لاوازە، ئەمەش بەو مانایە دێت لەڕووی زمانەوە نوێیەو لە چەندین لایەنی تری هوونەری شیعرییەوەلاوازە.

لێرەوە (نیما) هێمنانە ،بێدەنگ،لێبراوانەلە نێوان ساڵانی (1300 - 1318 ) ەوە،ش سەرگەرمی گۆڕانکاریو ئاوەژووکردنێکی هەمە لایەنەو گشتگیر لە ڕێرەوی مێژووی نوێبوونەوەی شیعری فارسیدا بوو. پندری،1370، 58 .

هەر لە دوای ئەو وەرچەرخانە سەرکەوتوانەی (نیما)کە لە شیعری فارسیدا هێنایە دی ،دیاردەیەکی گرنگ لەڕێرەوی گەشەی شیعری فارسیداهاتە گۆڕێو زاراوەی (شعرنو) بووە دیاردەیەك بەرامبەر قاڵبە کۆن وسوواوەکانی پێشووی شیعری فارسی .

ئەم قالبە نوێیەی( نیما ) شیعرێکە بێرەچاو کردن وگرینگیدان بە وەزنە کۆنەکانی شیعری فارسی و هەم لەڕووی ناوەرۆکیشەوە تەواو نوێبوو ،ئەو وەرچەرخان ونوێخوازیەی (نیما) بەرپای کردلە سستمی شێوەدا دووجۆربوو: -

1- لایەنی ناوەرۆك (وجه درونی)

2- لایەنی فۆرم یاشێوە (وجه بیرونی)

لە ڕاستیدا و لە شیعردا هەر ئەم دوو چەشنەیەوچەندین باس وخواست هەڵدەگرێت، کە دەکرێت تیشکیان بخەینە سەر ،تاڕوونتر خوێنەر ڕۆبچێتە ناو قوڵایی ئە و وەر چەرخانە گرنگەی شیعری فارسی لە ڕێروی نوێبوونەوەیدا.

1- وجه درونی (ساخت شعر ) یشی پێدەوترێت:

بریتییە لەپەیوەندی هاوئاهەنگی گشتی ڕەگەزە پێکهێنەرەکانی شیعر، وەك پەیوەندی (وێنەکان.واتاکان.وشەکان).

سپیده دم که هوابردزیر پرده شب

برامداز سوکه روز با ردای به قصب

سپیده روز ،سپه روی داده بود بەچین

شب سیاه ،سپه روی داده سوی حلب

چنان سیاه وش اندکی سپید به روی

چو زنگینی که بخنده گشاده باشد لب لنگرودی.1378 .140،121

ئەمە نموونەیەکی زیندووە کە (فروغ سستانی )خستوویەتییە ڕووو دەڵێت :

ئەگەر لە شیعری کلاسیکی فارسی بڕوانین دەبینین هیچ بنەمایەکی هاو ئاهەنگی ئۆرگانی لە نێوان وێنەی یەك شیعردا بە دی ناکەین. کدکنی.1359. 114 ،115.

2- وجه بیرونی شکل ـ ڕوخسار:

فۆرمی شیعری لێرەدا هەمان قاڵبی شیعری دە گرێتەوە،کە لە کلاسیکدا پەیرەو دەکرا بەزۆری لە دوانزە قاڵبی شیعری تێپەڕ ناکات، وەك:

(مەسنەوی.قەسیدە.موسەمەت.موستەزاد.غەزەل.پارچە.یاخود قەتعە.چواری یا دوو بەیت)کە هەر قاڵبێك لەمانەخاوەن ئەرکێکی سەربەخۆیە، شکیبا.1370 .487 .

عجب مدار کەنامرد ،مردی اموزد          از ان خجسته رسوم و ازان ستوده سیر

بەچند گاه دهد بوی عنبر ان جامه          که چند روز بماند ،نهاده با عنبر

ولی که رامش جویدنیابد ان دانش          سری که باش جوید نیابد انافسر. گاهباز.1368. 602 ،611 ،625.

هەموو ئەم قاڵبانەش بەهۆی یەك کێشی عەروزییەوە پێکەوە گرێدراوون ، ئەویش کیشی (افاعیل)ە و کێشی هەر شیعرێکیش لە مانە لە چەندایەتی وچۆنایەتی (افاعیل) ی بە کار هاتووە لەو شیعرەدا،ئەمەش دەبێتە مۆرکی هاوبەشی هەمووشیعرەکان.فساری .1372. 485 . 486.

مەسعود سەعد سەلمان لەمبارەوە نموونەیەکی جوان دەخاتە بەر دەست :

ازکرده خویشتن پشیمانم

جز توبه رەدگر نمی دانم

مفعول ـــــ مفاعلن ـــــ مفاعیلن

بەم جۆرە (نیما) بە بونیاد نەرو خوڵقێنەری شیعری نویی فارسی لە قەڵەم دەدەرێ و شیعری (ئەفسانە )کەیشی بە سەر قافلەی ئەم ڕێبازە نوێیە دادەنرێ ولە ساڵی 1317ە.ش شیعری (غراب)ەکەی لە ڕووی پراکتیك و هەم لە ڕووی پرەنسیبی شیعریشەوە بە یەکەم شیعری (نیما) لە ڕێرەوی نوێبوونەوەدا دادەنرێت .

غراب

وقت غروب کز برکهسار افتاب

بارنگهای زرد غمش هست در حجاب

تنها نشستەبرسر ساحل یکی غراب

وز دور ابها

همرنگ اسمان شده اند ویکی بلوگ

زرد از خزان

افسانه

در شب تیره ،دیوانه ای کاو

دل به رنگی گریزان سپرده

در درەی سردو خلوت نشسته. یوشیج.1983. 63 277 . 279

(نیما) هەر لە دوای ساڵی1320 ە.ش چەندین نموونەی درەخشاوەتری لە شیعری (غراب) بڵاوکردەوە:

هردوبهم نگاه دراین لحزه می کند

سر سوی هم زناحیەی دور می کشند

این شکل یك غراب وسیاهی

وان ادمی ،هر انچه که خواهی .پور. 1383. 425 .

هه رچەندە باو پەرستانی شیعری فارسی بێ بایەخانەلە هەوڵەکانیان دەڕوانی و نکۆڵیان لە هەوڵەکانی دەکرد.لەگەڵ ئەوەشدا وە نەبێ دیدی ئەم کۆنە پارێزانە لە سەر (نیما) تەنها ڕاوو بۆچوون بووبێت،بەڵکوو بە پێچەوانەوە چەندین لاو کەوتنە ژێر کاریگەری ئە م تەرزە نووێیەی شیعرو درکیان بەم نوێگەرییە کرد ،کە لە گەڵ ڕێرەوی گەشەی شیعری جیهانیدا کۆکەو خۆشیان بە بەشێك لە تەوژمی گەشەی ئە دەبی جیهانی دەزانی لوانەی کە پەیڕەوی (نیما) یان کرد: -

فریدون توللی،منوچهر شیبانی،..شەیبانی لە ساڵی 1324 ه.ش دا یەکەمین دیوانی خۆی بەناوی (جـرقـه ) وە بڵاو کردەوە ،کە ڕاستەو خۆکاریگەری (نیما) و شێوازەکەی لە دووتوێی ناواخنی شیعرەکانیدا بە ئاسانی هەست پێکراووبوو، (جرقه) سی و پێنج پارچەی شیعری لە خۆ گرتبوو ، لە ڕووی ئایدۆلۆجییەوە شەیبانی سەر بەچەپەکان بوو وەك لەم دەقەیدا بەرچاو دەکەوێت: -

ای کارگر پیر ،بادو چشم شرر بار     امد از کار

خسته ،فرسوده ،ابروانش پرچین     غرقەافکار لنگرودی.1378 . 278 . 280 .

خاڵێك کە ناکرێ خۆمانی لێ لابدەین و فەرامۆشی بکەین ڕۆڵی (میرزادەی عشقی) یەلە ڕێرەوی نوێبوونەوەدا ، تەنانەت خودی (نیما) ش پەنجەیەکی بۆ ئەم ڕاستیە درێژ کردووە و(محمد چیا هشترودی)لە (منتخبات اپار ) دا هەمان ڕاو و بۆچوونی لە سەر کاریگەری( نیما) لە (عشقی) دا هەیە و دەڵێ: -

((عشقی اول کس است که ازگرز نوین تقلید کرده ،اسلوب وافسانه نیما را در تابلوهای ایده ال تگبیق نموده است )).

اوایل گل سرخ است انتهای بهار     نشسته ام سرسنگی کنار یك دیوار

جوار دره دربند ودامن کوهسار     فچای شمران اندك زقرب مغرب تا ر

هنوز براپر روز ، برفراز اوین     سلیمی؟ ،166 .

ئەم دە قەی (عشقی) (ایده ال) ساڵی 1303 ه ،ش گوتراوە و هەر لە دوای بڵاوبوونەوەی شیعری (ئەفسانە)ی نیما لە گۆ ڤاری (قەرنی بیستەم) بڵاوکراوەتەوە،هەرچەندە (عشقی )هەوڵی سەرەتایی و پێشتری لەمبارەوە هەبووە،بەڵام ئەگەر هاتوو لە هەردوو دەقی (ایده ال ) (عشق ) ی و (ئەفسانە) ی (نیما) وردبینەوە ، ئەوا بێدوودڵی و گومان لێکچوونێکی تەواو لە نێوانیاندا بە دی دەکرێ، یەتایبەتی لە ڕووی کێش و قاڵبی شیعرییەوە و لە بەر هەمە کۆتاییەکانی (عشقی )ئەژمار دەکرێ و قاڵبێکی (موسەمەتە) و لە بەحری) (موجتەسە) ە،کە دەقێکی واقیع گەرایانەیەو بە شێوازێکی ڕۆمانتیکیانەی بەرز خراوەتە ڕوو .پور ،1383، هەروەها بروانە ادوار شعر فارسی ،1359. 116 . 117.

بەڵام نەهاوڕایان و نە نەیارانی ،درکیان بە شێوازی( نیما) نە دەکرد،چونکە کات بۆدروست بوون و پەرە سەندن و چەسپین گرنگە وەك (نیما) خۆی دەڵێت : ((چون خود من هم بەگور روز مره دریافته ام مردم هم باید روز مره دریا بند این کیفیت تدریجی نتیجه کار است)) لنگرودی ./1 .1378 . 149 . 177.

(نیما)لە سەرەتای قۆناغی شیعرییەوە تا گەشتن بە قۆناغی شیعری (ئازاد) چەند ین هەوڵی نوێگەری خستە بەر دەست هەر لە 1300 ه.ش دا (ئەفسانە )بڵاودەکاتەوە ،کە ئەمەش دەنگێك و تەرزێکی نوێ بوو لە فەزای شیعری ئەو ڕۆژگارە ی ئێراندا ،چ لە ڕووی فۆڕم و سۆزوو ئاوازی مۆسیقییەوە .

شیعری ئەفسانە بە هەموو پێوەرەکانی شیعری لیریکی ئەدەبیاتی ئێرانی تا ئەو دەمە گەلێك جیاوازە ، هەرچەندێکیش کە شەقڵێکی ڕۆمانتیکیانەی لەخۆ گرتبوو،بەڵام تەواو جیاواز لەوانی تر ، چونکە تێڕوانین و خەیاڵ ونیگای یەك گوند نشینە لە شاردا.

ئەگەر لە گفتوگۆکانی ناو ئەفسانە وردبینەوە دەبینین هەوڵدانە بۆ گەشتن بەشیعرێکی دراماتیکی ،هەوڵکانی (میرزادەی عشقی) لە ( سەتابلومریم) ،کە جۆری خستنە ڕووەکەی بە ڕوونی کاریگەری (نیما) ی لەسەر دەبینرێت،(نیما ) دەربارەی (عشقی) دەڵێ ((عشقی فقگ شاعری این دورە بود ، اگر باقی می مامند و معایبش رفع می کرد))لنگرودی.1378. 149.

روز مرگ مریم

دوماه رفته ازپائیزوبرگ ها همەزرد

فچای شمران از با د مهرگان پرکرد

هوای دربند ازقرب ماه اژ رسرد

پس از جوانی ،پیری بود،چە باید کرد

بهار سبزبە پائیز زردشد منفجر

،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،،

افسانە

در شب تیرە ،دیوانە ای کاو

دل بە رنگی گریزان سپردە

در درە سردوخلوت نشستە

همچو سا قەی گیاهی فسردە

می کند داستان غم اور

روز مرگ مریمی عشقی نمایشنامەیەکە کت و مت نیما ئاسا داڕێژراوە ولێرەدا کەوتنە ژێر کاریگەری نیما ڕاستییەکی نکوڵی لێنەکراوە ،ئەوە هەیە ئەفسانە کەی نیما کێشی (موتەرەنیم) ی کۆنە ، کە تەنانەت لە کۆنیشدا جگە لە دوو شاعیر کە (ئەدیب نیشاپووری،حەبیبی خۆراسانی) بوون کەسی تر ئەم کێشە نیماییەی بەکارنەهێناوە. کدکنی.1359. 116 ز 117 .

تاییەتمەندیەکانی شیعری (نیمایی) بەڕای(محمد حقوقی) بریتین لە :

1. بەرزو نزمی یا درێژی وکورتی دێرەکان بنچینە یاخود بونیاتەکەیان هەمان کێشە پێشینەکانی شیعری کۆنی فارسین،هە روەها لە شیعری نوێدا درێژی دێرەکانی مەرج نییە وەك یەك بن یەکسان بن ،بەڵکوو دێرەکان بە پێی یا پەیوەستە بە مانا و ڕوونی واتاو درێژوو کورت دەبن، یانی درێژی و کورتی دێرەکان بە پێی گونجاندن و پێویستی واتا شیعرییەکانە.

پەیبردنی (نیما) بە شکاندنی دێرەکان لە خۆوە نەبووە ، جگە لە سەلیقەیەکی بەرزی شیعریی بەچەند هۆیەکی ترەوە بەستراوە:

ا ـ کاتێ واتایەك لە دێرێکدا پێویستی بە کەمترین وشە دەبێت،لەمبارەدا شاعیر ناچار دەبێت بۆ پڕکردنەوەی دێرەکەپەنا بۆ وشەی زیاد بەرێت .

. ب ـ ئەگەریەك واتا لە دێرێکدا پێویست بە چەند ین وشە بکات لەمبارەدا شاعیر ناچارە لە دێرەکانی دواتردا واتای زیا د بهێننەوە ،وەك لەم دە قەی خوارەوەی (م.امید) دا دەبیینین:

پابە پای تو کە می بردی مرا باخویش

در رکاب تو کە می رفتی

همعنان بانور

در مجلل هودج نسرو سرودو هوش حیرانی

سوی ا قصا مرز های دور

ئەم دەقە لەڕووی کێشەوە (بحر گویل) یە ،لە شیعری کۆندا دەبێت یەکسانی دێرەکان سێ تا چوار (فاعلاتن) بێت ،کەچی لەم شیعرەدا بەپێی پێویستی ناوەرۆك دێرەکان هەندێك جارسێ و هەندێ جاریش لە چوار ( فاعلاتن) زیاترە . فساری .1372. 685 ،687.

2. سەربەستی وێنا کردن :خەیاڵ فراوانی کە بەندە بە ڕەهایی و فراوانی هۆش و ئەندێشەوە ، ئەمەش خەسڵەتێکی نویی شیعرییە ولە ڕاستیدا تەرزی کۆنی شیعری فارسی ئەوە هەڵناگرێ .

3. شیعری نوێ : شیعری خەیاڵ و وێنەو بەرجەستە کردنە .

4. بونیادی شیعری نوێ هە ماهەنگی وگونجان و یەکێی وشە و دێرەکانەجگە لە شاعیرانی سەلیقەداری خاوەن هۆش و ئەندێشە فراوان،بەرجەستە کردنی ئەم جۆرە ی شیعر ئاسان نابێت بۆ کەسانی تر .

5. زمان و بەیان لەگەڵ شێوازە کۆنەکەدا دوورن لە یەکترەوە وەك :

ا ـ گرنگی دان بەزمانی سادە یا بەکار هاتوو.

ب ـ بایەخدان و لا بردن و دوور کەوتنەوە لە ئامرازی لێك چواندن و شیکاری .

ج ـ سەرنجدان لە دەست تێوەردان لە ڕێزماندا .

6. بنەمای نادیارو خوازە کە نادیارییەکەی لە دوو لایەنەوە لە نادیاری ڕاستەقینەی شیعری کۆن دا جیاوازن .

ا ـ لە ڕووی پەیوەندی وێنەی شیعرئەمڕۆوە .

ب ـ لە ڕووی تا یبەتمەندی  زمان و خەسڵەتەکانی دەربڕینەوە . کدکنی.1359 . 115 ، 127.

ئەمە ئەو وەرچەرخان و بونیادنانە گرنگ و مێژوویانە بوو ، کە ( نیما) لە شیعری فارسیدا خوڵقاندنی ، ئەم هەنگاوانەی ( نیما) شیعری فارسیدا لە ڕێڕەوی مێژووی نوێبوونەوەیدا ، بووە فاکتەری سەرەکی دەرهێنانی شیعری فارسی لە پاشکۆیەتی و مت بوونی ،( نیماش) بووە سونبولی نوێخوازی و ناوێکی زیندوو لە  مێژووی ئەدەبی فارسیدا .

((بنیات گزارشعر نو نیما است ،نیما کوشید تا ترکیبی اعتدالی میان همه  عناصر ساختمانی شعر  بوجود اورد ، شعر بسراید که از عواگف انسان عصر او سخن بگوید و ان عواگف  با تصاویر و ایماژ های عرچه شود که تکراری نباشد)). فساری.1372 . 685,687.

لێرەوە گرنگیدان  بە ڕیڕەوی نوێ بوونەوە ی شیعری فارسی پێویستە تا لە ئاکام ودەرەنجامەکانی  ورد بینەوە تا باشتر و ڕوونتر بەراییەکانی بونیا دی نوێ لە خانەی شییاویدا بخەملێنین ، پاشتر بەراووردبکەین بۆ پارسەنگدانەوەی هەردوو بونیاتی کۆن و نوێ .

(اقای حقوقی )شیعری نوێ لە ڕووی بایەخ پێدان و فەرامۆش کردنی جۆرەکانی کێشەوە دەکاتە چوار بەش :

1- شعرهای باوزن نیمائی .
2- شعرهای باوزن حسی .
3- شعرهای باوزن اهنگین .
4- شعرهای بی وزن . کدکنی.1359 .115.

بە هەمان شێوە دووبارە (اقای حقوقی ) قاڵبەکانی شیعری نوێی فارسی دەکاتە پێنج جۆرەوە، لەگەڵ ئەوەشدا شاعیرانی نوێخوازی فارسی کەڵکیان لە قاڵبەکانی ( مەسنەوی ،غەزەل) وەرگرتووە ، وەك:

1- ترکیب بند .
2- شعر نیمائی .
3- چارپارە .
4- شعر سفید یا بی وزن .
5- موج نو . فساری.1372 .485.
1) ترکیب بند

شیعری ئەفسانەی (نیما)لەم قاڵبە یە وشاعیرانی ناوداری وەك : (د.خانلری .گلچین گیلانی.فریدون توللی .محمد علی اسلامی)  بەهەمان شێوە ئەم ڕێچکەیان گرتووە،ئاشکرایە هەموو جۆرە ژانرێك لە قۆناغێکدا پەرە دەسێنێت و ڕوو لەهەڵکشان دەکات و پێویستیە ڕۆحیەکانی مرۆڤ تێر دەکات ،پاشان لە بەردەم بابەتێکی نوێتردا پاشە کشە دەکات وگرنگی خۆی لەدەست دەدات.

ئەم قاڵبەی شیعر دواتر لە بەردەم (چوار پارە) دا پاشە کشەکردوئەمەش سروشتی بەیەکدا چوونی  ژانرەکانە لە ڕێڕوی گەشەی کۆمەڵایەتی دا،چونکە ژانرە ئەدەبیەکان وەڵامدەرەوەی گۆڕنکاری وپەرەسەندنە کۆمەڵایتییەکانن. فساری .1372. 491 ، 492.

ئەفسانە بەرای (محمد چیاو  هشترودی) جۆرێکی نوێی غەزەلی بە ئەدەبیاتی ئێرانی پێشکەش کرد .

درمیان بس اشفه مانده

قصەای دانەاش هست و دامی

وز همه گفته ناگفته مانده

از دلی رفته دارد پیا می

داستان از خیالی پریشان. یوشیج.1383. 279.

(نیما)خۆی دەڵێت:

((چیزی که بیشتر مرا به این ساختمان تازه معتقد کرده است همانا رعایت معنی و گبیعت خاص هر چیز است و هیچ حسنی برای شعر وشاعر بالاتر از این نیستکه بهتر بتواند که گبیعت را تشریح کند معنی را بگورساده جلوه بدهد. یوشیج،1383، 278 .

2) چار پارە:

ئەم جۆرەی شیعر پەیڕەوانی تایبەت بە خۆی هەبوو، دیارترینەکانیان : (د. خانلری .فریدون توللی .نادر پور.مجدالد ین میر فخرائی ).

پێدەچێت (فریدون توللی ) یەکەم شاعیر بووبێت کە ئەم ڕێڕەوەشیعرییەی بۆ خۆی هەڵبژاردبێت،دواتر ( نادر پورو فریدون مشیری و فرغزادو حسن هنر مندی و شرف الد ین خراسانی) بە دوایدا ڕێچکەیان گرت و کردیانەڕێبازی شیعرییان .

ئە م ڕێبازە شیعرییە دوای شۆڕشی مەشروتە کەوتە ناوەوە و برە وی پەیداکرد. لنگرودی ./1 1378 .102 ، 104.

ئەمەش ئاکامی گۆڕانکارییە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئێران بوو،کە زمانی شیعر دەبووهاوشانی زمانی خەڵك بێت و وەڵامدەرەوەی خواستە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بێت ،ئەم قاڵبە شیعرییە جگە لە دووەم و چوارەم ،دێری یەکەم و سێیەمی هاو قافییەن، لەچەند دوو بەیتییەك پێك دێن و لە ڕووی ناوە رۆکەوە پێکەوە گرێدراوون و پەیوەستن ،وە بە چەندین کێشی جیاواز دە هۆنرێنەوە ،

اندوه شامگان

کیست این مرده که در روشنی شامگان

تکیه داده است بر ان ابر نشسته است به کوه

بسته از دور به جان دادن خورشید نگاه

............................

خیره بر زردی شادی کش و دلگیر غروب

زارو افسرده فرو رفته در اندیشه گرم

پای او یخته از کوه و در ان توده برف

استخوان می کشدش شعله ومی سوزد نرم. برهام،1383 .251

3) نیمائی

ئەم قاڵبە ڕەسەنترین شێوازیشیعری نویی ئەمڕۆی ئێرانە و بە پارچەی ( غراب) دەست پێدەکات ، سەرەتا پەیڕەو کەرانی ئەم تەرزە نوێیە بە پەنجەی دەست ژمێردراو بوونلە وانە:

منوچهری شیبانی .اسماعیل شاهرودی).

دوای ئەوەی چەندین شاعیری ناودار درکیان بە ناوەرۆکی ئەم تەرزە نوێیە کرد ،نەیانتوانی بەدوور بن لە کاریگەری ئەم رەوتە نوێیە و کەوتنە سەر پەیڕوکردنی ، لێرەوە شیعری فارسی ڕەونەقێکی بەهێزوو بە پێزی بە باڵا دا بڕا، لەوشاعیرانە :

(نەسرەتی ڕەحمانی .هوشنگ ابتهاج .سیاوش کسرائی .محمد زهری .نادر پور .) و بە تایبەتیش (شاملو .مهدی اخوان پالپ .فروغ .م ازاد .یدالله رویایی .سپهری .منوچی اتشی ) کە تەواو بوونە بەشێك لەم ڕەوتە و سەنگێکی بەرچاویان بەخشیە نیماو ڕێبازەکەی .

سەبارەت بەم قاڵبە نوێیەی (نیما) چەندین ڕاو بۆچوونی جیاواز خرانە ڕوو، لەوانە ( سیرویس تاهباز)، کە شاعیرانی (نیما)یی بۆ دوو دەستە دابەش کرد :

1- نیما گرایان
2- نوخیزان

(جلال احمد) لە وتارێکدا بە ناونیشانی کێشەی نیما یوشیج دەڵێت :

((یە دیدی کەسانی تر شیعرەکانی بێ کێش وسەروایە .نیما شیعرە عەروزییەکانی خۆی جێهێشت ،شیعرێکی هەیە غەیرە عەروزی ،کە لێرەدا مەبەستی یەکسانی دێڕەکانە )) . فساری .1372 . 693 .....پور.1383 .6، 18 ،426.

هەندێکی تر بەم جۆرە دەدوێن و بەشی دەکەن:

أ ـ پێشڕوان ، وەك (منوچهر شیبانی .اسماعیل شاهرودی )،ئەمانە هەر زوو درکیان بە ڕەسەنایەتی و چۆنایەتی شیعری نیمائی کردووە ، بۆیە بە پێشڕەوان ناو دەبرێن.

ب ـ جویندگان ـ ڕێچکە گەران

ئەمانە هەرچەندە لەسەر شێوازی نیما ڕۆشتوون و لە ژێر کاریگەریدا بوون ، هەوڵیانداوە لە ڕێنماییەکانی نیما سوود وەر بگرن، لەگەڵ ئەوەشدا لە هەوڵی ئەوەدا بوون زیادەیەك بەم قاڵبە ببەخشن و نوێگەرییەك پێشکەش بکەن وەك _شاملو، سپهری.

ج ـ اعتدال کرایان:ئەمانە تا سەر ئێسقان بە شیعری کۆنی ئێرانی کاریگەرو گۆشکراوی ئەو ڕێبازە بوون،بەڵام لە گەڵ نوێخوازاندا بەر کەوتەیان نییەو لە سە ر خۆن

د ـ سنت گرایان: پێشەنگی ئەمانە (اخوان پالپ) ە کە خوازیارە پردێك بێت لە نێوان سەبکی خوراسانی و شیعری نیماییدا، بە واتا ئەڵقەیەکی تێهەڵکێش بێت لە نێوان خۆراسان ـ مازندەران دا ، لە ڕووی زمانەوە باوو کلاسیکە ،بە ڵام هەستی بە قوڵی شیعری نیما کردووەو نکۆڵیشی لەم ڕاستییە نەکردووە،شیعری ئازادیشی لا پەسەندو قبوڵکراووبووە.

هـ ـ محتوا گرایان : ئەو دەستە شاعیرانەی کە پەیڕەوکەرانی ئە قاڵبە شیعرییە بوون ( نصرت رحمانی .یدالله رویایی .فروغ فروغ زاد)ن .

و ـ تماشا گرایان: بنیاتنەری ئەم جۆرە قاڵبە شیعرییە (منوچهر اتشی ) یەو شاعیرانی وەك پروین.علی بابا چاهی ، درێژە پێدەری بوون .

ز ـ ابزار گرایان : ئەمانە بە شوین هۆكارو ئامێردا وێڵن (م.ازاد.محمد حقوقی .محمود شرف ازاد تهرانی ) لەم دەستەیەن .

ح ـ تصویر سازان :كە بە شێوازێكی نوێ لە گەڵ شێوەی نیمادا مامەڵە یان دەكرد (نادر نادر پور .سهراب سپهری ) دەركەوتووترین شاعیرانی ئەم قاڵبەبوون .

گ ـ ئەمانە ئەو دەستە یە بوون كە هەرگیز لە بنەماكانی شیعریی لایان نەداوە و( نادر پور) ناسراوترین دەموو چاوەكانیانە .

ی ـ نو اوران: ئەمانە لقێكی سەربەخۆی شیعریی نیمان ،ئەمانە لەژێر كاریگەری كێشە كۆمەڵایەتیەكاندان و وەك پردێكی نێوان شیعری نوێ و شیعری مەوجی نوێ خۆیان ئەژمار دەكەن (محمد علی سپانلو) ناسراوترین كەسی ئەم دەستەیە بوون

ك ـ شكڵ گرایان: یدوالله رویئایی پێشەوایان بوو

ل ـ عرفان گرایان : لقێكی نوێی شیعری هاوچەرخەو سهراب سپهری ناودارترینیانە و ڕووی گەشی شێوازەكەیانە .فساری.1372 .692,694 ..هەروەها پور،1383 ،424 ،425.

4) شعر سپید :

ئەم تەرزەی شیعر كە لە ساڵانی 1334 ە.ش بە دواوە جیكەی بایەخ پێدانی شاعیران بووەو ڕەواجی پەیدا كردووە ، شیعرێكە هەوڵدەدات ئاوازی دەرەوەی شیعر (موسیقی بیرونی )بە یەك ئاراستەدا بەرێت و هەوڵیشی داوە چەند ێ بتوانێ لە ئاوازی واتایی (موسیقی معنوی) و هەنێ جاریش لە ئاوازی كەناری سوودوەرگرێت ، كە نلێرەدا هیچ ئاسەوارێكی شیعری نیمایی دركی پێناكرێ و (شفیع كد كنی )لە وباوەڕەدایە پەخشانە شیعر تەنهاو تەنها لە ( شاملو) دا دەبینرێ.

ئەگەر شیعری سفید لەوشەی چەند Blankو، blanc ئینگلیزی بە مانای سپی وەرگرین ،ئەوا ئەم شێوە پێشینەی ساڵەی لە ئەوروپادا هەیە جیاوازە .كدكنی .1359. 139

كە لەگەڵ ئەدەبیاتی نوێی ڕۆژئاوادا جیاوازن وپەیوەستێك لە نیوانیاندا نابینرێ .

ئەگەر بەوردی لە ئە دەبی ئینگلیزی ئەو قۆناغە ورد بینەوە ،ئەوا لە ڕووی چۆنیەتی ناوەرۆك و ئەركی شیعرییەوە دوو حاڵەت دەبینین :

1- شعر سپید دراماتیك
2- شعر سپید حماسی

لە یەكەمدا شانۆگەریەكانی (شكسپیر) بەهەق نوێنەری ئەم جۆرە قاڵبەن ،بۆ حاڵەتی دووەمیش (بەهەشتی ونبووی ) ( میلتون ) تەواو برجەستەی ئەو قاڵبە دەكات.

ئەم قاڵبەی شیعرلەزۆر لایەنەوە لەگەڵا قاڵبی شیعری (نیما داوەك یەكن ، بەڵام زۆر دوورو جیاوازە لە قاڵبە شیعرییەبێ وەزنەكانی شاملۆ،چونكە قاڵبە شیعریەكانی (شاملۆ)لەم بابەتەن و هەرچۆنێ بێت بەهیچ كلۆجێك لەگەڵا شیعری سپی ڕۆژئاوادا دانوویان پێكەوە ناكوڵێت ودوورن لە یەك،وبەڵام گونجاو و نزیك ترە لە شیعری یا قاڵبی شیعریی

(نیمایی)،بەڵام (نیماو) ئەو قاڵبە ڕۆژئاواییە تەواو جیاوازنو هەریەکەو تایبەتمەندی خۆی هە یە ،واتە هەریەکە شەقڵ ومۆرکی تایبەتی خوی هەیە ، بەڵام زەقترین جیاوازیش لەکورت و درێژی دێرەکان، هیجا یا کێشە بەکارهێنراوەکاندایە .

جیاوازیی یەکی تر لەوەدایە(نیما) توانیویەتی لە زۆربەی وەزنەکۆنەکانی فارسی سوودمەندو بەهرە گیر بێت .

بەڵام شیعری (سپید) ی ڕۆژئاوایی لە ڕووی وەزنەوە لەگەڵا ئەمدا تەواو دوورن ، (فریدون توللی) لەمبارەوە دەڵێت :

((تنی چند از توانایان شعر امروز کە گهگاه بە تفنن در گرداوزان و قوافی دست بە پرداختن نوعی سخن خوش ایند می زنند با اندك تفاوتی در چگونگی پرداخت (شعر ازاد) یا شعر(سپید) ش می خوانند ..... انها نپر شاعرانەنامید )) . گۆڤاری اینده .سال .11 .مقاله فریدون توللی .شعر زمان مپژیر فساری .1372.712. 713

5Freeverse - شعر ازاد

جۆرێکی تری شعری فارسیە کە لە هەر وەزنێکی عەروزی بەدەرەولە سەر هیچ بنەمایەکی شیعری بڕگە ناکرێت سەبارەت بە شیعری ئینگلیزی دەڵێت : Ezra pound ئیزرا پاوەند

((شعر گفتن باترتیب وتوالی عبارات اهنگین نە باترتیب و توالی اوزان قرار دادی ))

ئەمە ڕاستییەکمان دەخاتە بەر دەست ،ئەگەر بگەڕێینەوە و تیلە چاوێ ب مێژووی 50 -60 ساڵەی ڕابردووی جیهان و ڕۆژئاوادا بە تایبەت لە کەڵکەڵەی ئەو ڕایە دا بوون وەزنەشیعرییەکان دوور بخەنەوە و گۆشە گیریان بکەن ،بەڵام هەرگیز بە بیریاندا نەهاتووە کە ئاواز یا مۆسیقا لە شیعر دابڕن .

هەندێلە ڕەخنەگرانی شیعری ئازادلەو باوەڕەدا بوون ووا بیریان کردۆتەوە ،کە شیعری ئازاد بەشێکە یا حاڵەتێکی تەواوی شیعرە بێ وەزنە جیهانیەکانە ،وەیا هەندێکی تر وا دەڵێن و لە و بڕوایەدان کە ئەم جۆرە شیعرە جگە لە پەخشانێکی پارچە پارچە و پچڕپچڕی لە ژێر یەکتردا نوسراو شتێکی تر نییەوئاوازوو مۆسیقای تێدا دەبینرێ بێئەوەی ڕێکخرابێت.

لە ڕاستیدا (شاملو) بیرۆکی شیعری ئازادی لە ڕۆژ ئاواوە وەرگرتووە ،بەڵام کەمێك گەڕانەوە بۆ دوواوە دەری دەخات کە (نپر شعرگونە)لە سەدەکانی چوارەم و پینجەمدا هەبووەو پەیڕەو کراوە. روزبە.1383 . 114 .... براهنی ./2 .351. (شاملو) سەرچاوەی زۆری شیعرەکانی لەمبارەوەیە،کتێبە یا پەڕتووکە پیرۆزەکانی (تەورات ، ئینجیل) کە بە زمانێکی پاراو و پوختە کراونەتە فارسی وبۆ (شاملو) بوونەتە سەرچاوەو سودی لێبینیوون، هەر بۆیە (شاملو) لە شیعری (هوای تازە) کەیەوە بەدوواوە بە شاعیری (سفید) ناوی دەرکرد .

مرگ ناصر

بااوازی یك دست

یك دست

دنبالەی چوبین بار

در قفایش

خگی سنگین ومرتعش

يرخاك مى كشيد

تاج خارى برسرش بگزاريد. شاملو.1376. 280.

ماهى

من فكر مى كنم

هرگزنبوده قلى من

اين گونه

گرم و سرخ

احساس من كنم

در بدترين دقايق اين شام مرگزاى

چندين هزار چشمەى خورشيد

در دل ام

مى جوشد يقين . شاملو.1376. 127.

دەشێت ئاماژە بەچەندجۆرێكى ترى شيعر بكەين، كە لە ڕاستيدا لەڕووى زانستى وئەكاديمى و ئەدەبييەوە گرنگييەكى ئەوتۆى نييە،بەڵكو تەنها بۆ خستنە ڕوو ى تەواوى تەرزو قاڵبە شيعرييەكانى فارسيە لە ڕێڕەوى مێژوويیدا ،كە تەنها ئاماژەيەكى واتايى دەبەخشن .

1- شيعرى بنفش: هوشەنگى ئێرانى ڕابەرى بوو.
2- شعرى نيم : تندر كيا ناوى لێناوە (شاهين)يشى پێدەڵێن
3- شعر موج نو : احمد ڕەزا احمدى ، بيژەن الهى ، فريدون گيلانى ،پەيڕەوانى بوون ،(حجم ) و(ناب) يشى پێدەڵێن
4- شعر مرامى ـ سياوش كسرائى ،ە ،ا .سايه (هوشنگ ابتهاج) پەيڕەوانى بوون .
5- شعر مرگ ـ توللى .مشيرى .نادر پور
6- شعر سوگ حماسى ـ مهدى اخوان پالپ.م.ازرم .سيروس مشفقى .كيانوش .پەيڕەوانى بوون .
7- شعر تصويرى ـ ليريسم توام با تصوير ،نادر نادر پور پەيڕوى كردووە . شكيبا،1370. 497-507

ئەنجامەكان

1) ئەدەبياتى نوێى كوردى ياخبوونێكە لە ئەدەبياتى كلاسيكى .

2) نوێخوازى تايبەت نييە بەسەردەمێكى دياريكراوەوە، هەر نوێكردنەوەيەك بەپێودانگى سەردەمەكەى بەتازەگەرى دادەنرێت.

3) ئەدەبياتى كوردى هەر لە ئەحمەدى خانى و مەلاى جزيريەوە تا قوتابخانەى شيعرى بابان، زنجيرێكى لێك نەپچراوەو لەگەڵ ئەوەى لەسەر ڕێبازى كلاسيكى بووە، هەر هەموويان دەچنە ژێرخانەى خۆ دەربازكردنى لەئەدەبياتى عەرەبى ئيسلامى و گەڕانەوە بۆ زمانى زگماك و كلتورى نەتەوەيى .

4) ئەو بزوتنەوە نوێخوازییەی لەسەردەستی شێخ نوری و هاوڕێکانیدا لەخوارووی کوردستاندا لەژێر کاریگەری ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێ بەگشتی وبە کاریگەربوونی بە کۆمەڵەی ( ئودەبای فەجری ئاتی ) هاتە کایەوە.

5) بەپێی ئەو بەڵگانەی لەبەردەستدان، ئەو بزووتنەوە نوێخوازییەی لەسەردەمی حوکمڕانی شێخ مەحموودی نەمردا هاتە کایەوە، شێخ نوری بەرابەر دادەنرێ و هەر یەك لەگۆران و پیرەمێرد و ...هتد، جێدەستیان دیارە.

6) لەژێر کاریگەری مەولەوی و ئاگایی لەئەدەبیاتی (ناوچەی گۆران) و ئەدەبیاتی رۆمانسی ئەوروپی، گۆرانی شاعیر لەبری کێشی عەرووزی عەرەبی، کێشی خۆماڵی –پەنجە- بەکارهێناوە، هەروەها مەولەوی کاریگەری لەسەر پیرەمێردیش بە ئاشکرا دیارە .

7) ئەدەبیاتی کوردی توانیوێتی پێ بەپێی ئەدەبیاتی نەتەوەکانی دراوسێی هەنگاو بنێ، شاعیران و نووسەرانی کورد توانیویانە لەزۆربەی رێبازە ئەدەبییەکانیدا بەشدار بن و بەرهەمیان هەبێت.

8) گۆران لەساڵانی چلەکانی سەدەی بیستەم بەدوواوە، بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە نوێیانەی جیهان، رویکردە ئەدەبیاتی ریالیزم و سەرەتا بەریالیزمی فۆتۆگرافی و دواتر ڕەخنەگرانە و پاشتر بۆ ریالیزمی شۆڕشگێڕانە و تا دەگاتە ریالیزمی سۆشیالیزمیانە، کە لێرەوە دەیەوێت خەباتی نەتەوەکەی بە خەباتی رۆشنبیری میللەتانی جیهانەوە، ببەستێتەوە.

9) بەئاگابوونی شاعیرانی کورد بە شاعیرە نوێخواز و داهێنەرەکانی گەلانی دراوسی بەتایبەتی، جێی سەرنج و بەدواداچوونە.

سەرچاوەکان:

<u>یەکەم</u>: نامەی ئەکادیمی:


1- سەلام، 2004ز، کوێستان جەمال، دەوری شێخ نووری شێخ ساڵح لە نوێکردنەوەی شیعری کوردیدا، تێزی دکتۆرا، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

2- حەمە ئەمین، 2010ز، سارا صدقی، جەمال شارباژێڕی و ڕۆڵی لە نوێگەری شیعری کوردی، نامەی ماستەر، کۆلێجی زمان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی.

3- محمود، 1990ز – فاضل مەجید، سروشت لە شیعری گۆراندا، نامەی ماستەر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

<u>دووەم</u>: کتێب:

1- کوردییەکان:

4- إمام، 2005ز– عبدالفتاح، مێژووی فەلسەفە(هیگڵ)، وەرگێرانی: عرفان مستەفا، دەزگای موکریان، هەولێر.

5- ئەحمەد، 1989ز- خورشید رشید، رێبازی ڕۆمانتیکی لە ئەدەبی کوردیدا، چاپخانەی: الجاحظ، بغداد.

6- بصیر، 1980ز- د.کامل حسن عزیز، شێخ نووری شێخ صالح لە کۆڕی لێکۆڵینەوەی وێژەیی و ڕەخنەسازیدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

7- پیرەمێرد، 1970- دیوانی پیرەمێرد، نووسینی محمد رسول هاوار، چاپخانەی (العانی)، بەغداد.

8- تاقانە، 2001ز- ئەحمەد، تۆفیق فکرەت و شاعیرە نوێخوازەکانی کورد، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر.

9- جەلالی، 1984ز- مصلح مصطفی، شێخ نووری دەنگی ڕەسەنی شیعر، بغداد.

10-حلمی، 1988ز- رەفیق، شیعر و ئەدەبیاتی کوردی، بەرگی یەکەم، مطبعە التعلیم العالی، أربیل.

11-خۆشناو، 2008ز- د.ئەبوبەکر، لێکچوون و جیاوازییەکانی نوێکردنەوە لای: گۆران و نیمایوشیج، چاپی یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی.

12-رەسوڵ، 2012ز- پ.د.عیزەدین مستەفا، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی یەکەم، لەسەر ئەرکی فاروقی مەلا مستەفا چاپکراوە، سلێمانی.

13-طاهر، 2006ز- ئامر، نیمایوشیج و عەبدوڵڵا گۆران، نوێکردنەوە و دابڕان، چاپخانەی حەجی هاشم، هەولێر.

14- عەزیز، 2006ز- شەرمین ئیبراهیم، پەشێو و تازکردنەوە لە شیعری کوردیدا، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر.

15-فەللاح، 1980ز- کاکەی فەللاح، کاروانی شیعری نوێی کوردی، بەرگی یەکەم، بەغدا.

16-گەردی، 1974ز- عەزیز، ئەدەب و ڕەخنە، چاپخانەی الحوادث، بەغدا.

17- گۆران، 1980ز- عەبدوڵڵا، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، بەرگی یەکەم، کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: محەمەدی مەلا کەریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، بەغدا.

18- مستەفا، 2010ز، د. محەمەد فازیل، زێوەر، ژیان و بەرهەمی، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری، هەولێر.

19- مەریوانی، 2006ز- دڵشاد، ڕێنووسی کوردی و ئاهەنگی شیعر، چاپی یەکەم، سلێمانی.

20- مەولەوی، 2712ك، دیوانی مەولەوی، ئامادەکرنی: محمد حجازی، حەسەن گۆران، چاپی دوهەم، دەزگای رۆشنبیری گۆران، سنندج، ئیران.

21- نالی، 1987ز- دیوانی نالی، لێکۆڵینەوە و لێکدانەوەی: مەلا عبدالکریمی مدرس و فاتح عبدالکریم و محمدی مەلا کریم، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.

22- هەوری، 1975ز- أ.ب.هەوری، شیعری کۆن و نوێ، چاپخانەی ڕاپەڕین، سلێمانی.

23- وشیار، 1990ز- فایەق، دیوانی پیرەمێرد، بەرگی یەکەم، بغداد.

2- فارسی:

24- پور قیصر امین،1383،سنت و نواوردرشعر معاصر ،چاپ نخست،چاپ شیرین،تهران .

25- پرهام د.مهدی،1380،درکام نومیدی تحول گنزوشعرنوگرایی فریدون توللی،چاپ اول،چاپ حیدری،تهران .

26- پندری یداللهجلالی،1370،گزینه اشعار نیما یوشیج،چاپ اول،چاپ ارین،تهران ، .

27- طاهباز سیروس،1368،دربارەی شعروشاعری از مجموعه اپار نیما یوشیج، چاپ اول، چاپخانه مهارت، تهران

28- روزبه.محمد رضا،1383،شعر نو فارسی،شرح.تحلیل های نو.غزل.قصیده.قطعه، چاپ سوم، نشر ساره، تهران

29- ثالث مهدی اخوان، م.امید، محمد رضا محمد،1380،چاپ احمدی، نشر پالپ، چاپ دوم، تهران .

30- سلمی علی اکبر مشیر،1374، کلیات میرزاده عشقی، چاپ شرکت انتشارات علمی وفرهنگی واموزشی عالی، چاپخانه بانك ملی، تهران .
31- شکیبا پروین،1370 ، شعر فارسی از اغاز تا امروز، انتشارات هیرمند، چاپ حیدری، تهران .
32- شمیسا سیرویسن1373، سیرغزل در شعر فارسساز اغاز تا امروز، انتشارات رامی، چاپ چهارم،تهران .
33- شاملو احمدی،1379، در جدال با خاموشی، منتخب چهارده دفتر شعر، انتشارات سخن ، تهران .
34- شیرازی محمد رضا بکر ،1372 ،نقش فریدون توللی در ادبیات سیاسی و اجتماعی دورانی دیکتاتوری محمد رضا شاهی،رضاشاهی ،چاپ اول،چاپخانه افتاب،تهران .
35- وحیدی، 1373 هەتاوی- د حسین، گاتها سرودهای مینوی زرتشت، نشرمرکز- تهران.
36- یوشیج شراگیم،1983،نیما یوشیج،مجموعه شعرهای نوـغزل.قصیده.قطعه،چاپ سوم، نشر ساره، تهران .
13-37 - یوشیج نیما، ،قریادهای دیگرو عنکبوت رنگ،انتشارات شمس ، چاپ سوم، چاپ رشدیه، تهران .
14-38 - کدکنی.محمدرضا شفیعی،1359 ،ادوار شعر فارسی،انتشارات توس،تهران .
15-39 - لنگرودی شمس،1378 ،تاریخ تحلیلی شعرنو،ج/1 ،چاپ سوم ،تهران.
16-40 - لنگرودی شمس.1378 ،تاریخ تحلیلی شعر نو،ج/2 ،نشر مرکز تهران،چاپ دوم، تهران .

5- عەرەبییەکان:

41- أوغلو، بلا-عبداللطیف بندر، إشارات أولیة فی الشعر الترکی، دار الحریة، بغداد.

42- عجلونی، بلا-نایف، الحداثه و ما بعد الحداثه، مجموعة المقالات- قسم الثقافة و دراسات الجماعة الاسلامیة فی کردستان-عیراق.

سێیەم: گۆڤار

43- بیمار،1972ز- عبدالرزاق، دانیشتنێك لەگەڵ-گۆران-دا، گۆڤاری بەیان، ژ=2، چاپخانەی دار الجمهوریه، بغداد.
44- خاڵ، 1975ز- شێخ محەمەد، وێژەیی دوێنێ و ئەمڕۆ، گۆڤاری بەیان، ژ=22، چاپخانەی دار الحریه، بەغدا.
45- ئەژی گۆران، 2000ز- ئەژی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ=19، چاپی داناز.
46- موتابچی، 1973ز- د. ئەمین، شاعیرانی کورد و ئەدەبیاتی فارسی، گۆڤاری کۆلێجی ئەدەبیات، ژ=16، بەغداد.
تێبینی: پەراوێزەکان وەکو خۆی بنووسرێتەوەو دووبارە بکرێنەوە, واتا نەنووسرێت سەرچاوەی پێشوو. ئەوانەی دەستنیشانم کردوون ڕاست بکرێنەوە.

**First : Academic Letters:**

1. Salam, 2004, Kwestan Jamal, Dawri Shex Nury Shex Salh la nwekrdnaway shiry kurdida, tezi dktora, kolezhi adab, Zankoi Salahadin, Hawler.
2. Hama Amin, 2010 AD, Sara sdqi, Jamal sharbazheri u roli la nwegari shiry kurdi, namai master, koleji zman, zankoy slemani, slemani.
3. Mahmood, 1990 AD- Fazil Majid, Srusht la shiry Goranda, namai master, kolezhi adab, Zankoi Salahadin, Hawler.

**Second: Books:**
**A/ Kurdish Books:**

1. Imam, 2005 AD- AbdulFatah, mezhui falsafa (higl), wargerani: Irfan Mustafa, dazgai Mukryan, Hawler.
2. Ahmed, 1989 AD- Xurshid Rashid, Rebazi Romantiki la adabi Kurdida, chapxanay: AlJahiz, Baghdad.
3. Basir, 1980 AD- Dr. Kaml Hasan Aziz, Shex Nuri Shex la kori lekolinaway wezhaiy u raxnasazida, chapxanay kori zaniary Iraq, Baghdad. piramerd, 1970-diwany piramerd, nusiny muhamad rasul hawar, Chapxanay (Alghaly), Baghdad.
4. piramerd, 1970-diwany piramerd, nusiny. muhamad rasul hawar, Chapxanay (Alghaly), Baghdad.
5. Tagana, 2001 AD- Ahmad, Tofig Frat w shaira nwexwazakany kurd, dazgay chap u blawkrdnaway Aras, Hawler.
6. Jalaly, 1984 AD- Muslih Mustafa, Shekh Nury dangy rasany shir, Baghdad.
7. Hilmy, 1988 AD- Rafik shir u adabyaty kurdy, bargy yakam, Mutbaa Altalim Alaly, Erbil.
8. Khoshnaw, 2008 AD- Dr. Abubakr, lekchun u Jyawazyakany nwekrdnawa lay: Goran u Nimayushi, chapy yakam, Chapxanay Karo,Slemany
9. Rasul, 2012 AD- Prof. Dr. Ezzadin Mustafa, mezhui adabi Kurdi, bargi yakami lasar arki Faruqi mala Mustafa.
10. Tahir, 2006 AD- Amr, Nimaushij u Abdulla Goran, Nwekrdnawa u Dabran, chapxanay haji hashm, Hawler.
11. Aziz, 2006 AD- Sharmin Ibrahim, Pashew u tazakrdnawa la shiry Kurdida, chapxanay roshnbiry, Hawler.
12. Fallah, 1980 AD- Kakay Falah, Karwany shiry nwey kurdi, bargi yakam, Baghdad.
13. Gardi, 1974 AD- Aziz, Adab u raxna, chapxanay AlHawadith, Baghdad.Goran, 1980.
14. Goran, 1980 AD- Abdulla, sarjami barhami Goran, bargi yakam, kokrdnawau amadakrdni: Muhammedy Mala Karim, chapxanay kori zaniary Iraq, Baghdad.
15. Mustafa, 2010 AD, Dr. Muhamad Fazil, Zewar, zhian u barhami, chapi yakam, chapxanay wazarati roshnbiri, Hawler.
16. Mariwany, 2006 AD- Dlshad, renusy kurdy u ahangy shir chapy yakam, Slemany.
17. Mawlawy, 2712 K, Diwany Mawlawy, amadakrdny: Muhamad Hjazy, Hasan Goran, chapy duham, dazgay roshnbiry Goran, Sinandaj, Iran.
18. Naly, 1987 AD- Diwany Naly, lekolinawa u lekdanaway: Mala Abdulkarimy Mudaris u Fatih Abdulkarim w Muhamady Mala Karim, chapxanay Kory Zanyary Kurd, Baghdad.
19. Hawry, 1975 AD- A.B. Hawry, shiry kon u nwe, chapxanay Raparin, Slemany.
20. Wshyar, 1990 AD- Fayaq, Diwany Piramerd, bargy yakam, Baghdad.

**B/ Persian Books**

1. Pur Qisr Amin, 1383, snt u nwawrdr shiir maasr. Chap nxst, chap shirin, Tehran.
2. Prham Dr. Mahdi, 1380, Drkam Numidy thawl gnzu shir nugaraiy Fridun tully, chap awal, chap Haidari, Tehran.
3. Pndri, YadAllah Jalaly, 1370, Gzina ashaar Nima yushij, chap awal, chap arin, Tehran.
4. Tahbaz Sirus, 1368, darbaray shiru shairy az majmuaa apar Nima Yushij, chap awal, chapxana Mharat, Tehran.

5. Ruzbeh Muhammed Rida, 1383, shir nu Farsy, sharh tahlil hai nu ,ghazal, qitaa, chap sum, nashr sara, Tehran.
6. Thalth Mahdy Ikhwan, M. Amid, Muhammed Rida Muhammed, 1380, chap Ahmedy, nashr palp, chap dum, Tehran.
7. Salma Ali Akbar Mushir, 1374, Kliat Mirzada Ashqi, chap shrkat Intisharat Ilmi u farhangy u Amuzshy Aali, chapkhaxana Bank Mly, Tehran.
8. Shkbya Prwen, 1370, shiir Farsi Az Aghaz ta Amruz, Intisharat Hirmnd, chap Haidary, Tehran.
9. Shsima Sisrwisn 1373, Sir Ghazal dar shiir Farsaz Aghaz ta amruz, Intisharat Ramy, chharam, Tehran.
10. Shamlu Ahmady, 1379, dr jidal ba xamushy, muntaxab chuharda daftar shir, Intisharat Sxn, Tehran.
11. Shirazy Muhamad Raza Bakr, 1372, nqsh Faridun tuly dr adabiat syasy w ijtimay durany diktatury Muhamad Raza Shahy, chap awl, chapxana Aftab, Tehran.
12. Wahidi, 1373 hatawi- Dr. Hussein,, gatha srudhay Minuy Zrdtsht Nashe Markaz-Tehran.
13. Yushij sheagim, 1984, Mima Yushij, majmuaa shiirhay nu ghazal, qasida, wit aa, chap sum. Nshr sara, Tehran.
14. Yushij Nima, qriadhay digru ankabut rang, Intisharat shams, chap sum, chap rashdya, Tehran.
15. Kadkuny. Muhamad Raza Shafiy, 1359, adwar shir farsy, intisharat tus, Tehran.
16. Langrudy shams, 1378، tarix tahlily shir naw, jaldy 1, chap suwam, Tehran.
17. Langrudy shams, 1378, tarix tahlily shir naw, jaldy 2, nashr markaz Tehran, chap duwam, Tehran.

**C/ Arabic Books:**

1. Oghlu, Bila Abdullatif Bandr, Isharat Awalya fi Al shiir alturky, dar alhurrya, Baghdad.
2. Ajaluny, Bila Naif, al hadatha wa ma baad alhadatha, majmuaa almaqalat- qism althaqafa wa dirasat aljam3a al Islmaya fi Kurdistan- Iraq.

**Third: Magazines**

43. Bimar, 1972 AD- Abdulrazaq, danishtnek lagal Goranda, govary Bayan, zhmara 2, chapxanay Dar Aljmhurya, Baghdad.

44. Xal, 1975 AD- Shex Muhamad, wezhaiy dwene u amro, govary Bayan, zhmara 22, chapxanay Dar Al7urya, Baghdad.

45. Azhy Goran, 2000 AD- Azhy, govary Galawezhy Nwe, zhmara 19, chapy Danaz.

46. Mutabchy, 1973 AD- Dr. Amin, shairany kurd u adabyaty farsy, govary kolejy adabyat, zhmara 16, Baghdad.